دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٧٧

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

شەممە ● ١٥ی بەفرانباری ١٣٨٦ ● ٥ی ژانویەی ٢٠٠٨ ● ١٥ تمەن

### باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق:

## پێشوازیی لە درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ کرد

دوا بەدوای درێژ کردنەوەی ماوەی جێبەجێ کرانی مادەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتیی عێراق رایان کرۆکێر باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق لە وتووێژێك دا لەگەڵ رادیۆی سەوا پێشوازیی لەو بڕیارەی بەرپرسانی عێراقی کردوە. ناوبراو لەو پێوەندییەدا دەوری نەتەوە یەکگرتووەکانیشی بەرز نرخاند سەبارەت بەوە کە لە رووی تێکنیکیەوە یارمەتیی بە جێبەجێ کرانی مادەکە کردوە.

شایانی باسە باڵوێزی ئەمریکا پێداگریی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە پێویستە ئەو بڕیارانەی سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك دەدرێن لەلایەن عێراقییەکانەوە بێ و ئەوان چارەنووسی ئەو شارە دیاری بکەن.

سەرچاوە: PNA

## بەربەرەکانی لەگەڵ نفووزی ئێران

# یەکێك لە ئامانجەکانی سەفەری بووش بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست



جۆرج بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەڵێ یەکێك لە

ئامانجە سەرەکییەکانی سەفەرەکەی لە حەوتووی داهاتوودا بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەربەرەکانی لەگەڵ نفووزی ئێران لە ناوچە دایە.

بووش رۆژی پێنج شەممە ٣ی ژانویە بە هەواڵدەریی رۆیتێرزی گوت لە سەفەری حەوتووی داهاتووی‌دا بۆ ئیسرائیل‌و وڵاتانی عەرەبی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چاوەڕوانە سەبارەت بە راپۆرتی "بەراوردی زانیاری" سەبارەت بە راگیرانی بەرنامەی چەکسازیی ئێران، لەگەڵ پرسیار بەرەوڕوو بێتەوە. جۆرج بووش هەروەها گوتی: "من ئەمە روون دەکەمەوە کە پەیامی راپۆرتی بەراوردی زانیاریی نیشتمانی ئەمەیە کە ئێران هەروا مەترسیدارە".

رێکخراوی نیشتمانیی بەراود کردنی زانیارییەکانی ئەمریکا لە مانگی رابردوودا لە دوایین راپۆرتی خۆی‌دا روونی کردبۆوە کە "ئێران تا ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی لە هەوڵدا بووە بۆ ئەوەی چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ، بەڵام ئەو هەوڵە هەر لەو ساڵەدا راگیراوە".

### راپۆرتی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور:

# ئێران گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا




قەڵەم دراوەو گوتراوە: ئێران لە پلەبەندیی ساڵی ٢٠٠٧ دا لە نێوان ١٦٩ وڵات دا پلەی ١٦٦ هەبووەو لەم وڵاتە دا رۆژنامەنووسان لە گەڵ سەرکوتی حکومەتی بەرەوڕوون‌و رێگە بەوان نادرێ رەخنە بگرن یان داواکاریی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بێننە گۆڕێ.

لە راپۆرتی ساڵانەی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ی زایینی دا بڵاو کراوەتەوە هاتووە کە لە ساڵی رابردوودا لانیکەم ٨٦ رۆژنامەنووس لە سەرانسەری جیهان دا کوژراون. زیاتر لە نیوەی رۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە عێراق گیانیان لە دەست داوە.

لەو راپۆرتە دا هەروەها ئاماژە بە هەڵسوکەوتی دەوڵەتان‌و گرووپە توندڕەوەکان لەگەڵ رۆژنامەنووسەکان کراوەو لەم پێوەندییە دا ئێران بە گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە

# شەپۆلێکی ناڕەزایەتی بەندەر تورکەمەنی گرتەوە




دوا بەدوای کوژرانی ماسیگرێکی لاو لەلایەن هێزەکانی پاراستنی دەریاوە لە ئاوەکانی دەریای خەزەردا، رێکەوتی ٩ی بەفرانبار ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناڕازی‌و بێکاری ئاوایی چپاقلی هێرشیان کردە سەر پاسگای هێزی ئینتیزامی‌و فەرمانداریی بەندەر تورکەمەن‌و زیانێکی زۆریان لێ دان.

دوا بەدوای ئەم ناڕەزایەتییە ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەرکوتکەرەکان رژاونەتە شەقامەکانی ئەو شارەو باری نائاسایی بە سەر شاردا زاڵ بووە.

شایانی باسە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لەبەر بێکاری‌و بێداهاتی ناچارن بە شەو روو لە ئاوەکانی دەریا بکەن‌و بە قاچاخ خەریکی ماسی گرتن بن بەهۆی هێزەکانی پاراستنی دەریاوە کوژراون.

### لە وەرزی سەرماو سۆڵە دا:

# بڕانی گاز گرفتێکی گەورەی لێ کەوتۆتەوە




دابەزینی پەستان یان بڕانی گاز گرفتی زۆری بۆ دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان‌و لە سەرووی هەموانەوە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقاندوە.

لە چەند رۆژی رابردوو داو لە کاتێك دا کەش‌و هەوای وڵات بە تایبەت لە ناوچە کوێستانیەکان بەرەو ساردیی زۆرتر دەڕوا، پچڕان‌و دابەزینی پەستانی گازی تورکەمەنستان خەڵکی لە گەڵ گرفتی سووتەمەنی بەرەوروو کردوە. بە چەشنێك کە لە هێندێك لە شارەکان و لە نێو ئەوانیش دا شارەکانی کوردستان نە بوونی گاز، کە ئێستا بە سووتەمەنیی سەرەکیی خەڵکی شارەکان دەژمێردرێ خەڵکی تووشی نیگەرانی کردوە.

شایانی باسە هەرچەند کاربەدەستانی رێژیم لە زمان تورکەمەنستانەوە رایان گەیاندوە ئەو گرفتە بە هۆی تیکنیکییەوە دروست بووەو بەزوویی چارەسەر دەکرێ، بەڵام لە ساڵانی رابردوویش دا

# مەحکووم کردنی ئێعدامی ١٣ کەس لە ئێران لەلایەن فیدراسیۆنی داکۆکی لە مافی مرۆڤەوە




فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ‌و کۆمەڵەی ئێرانیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، لە بەیاننامەیەك دا ئێعدامی ١٣ کەس، لە نێو ئەوان دا راحیلە زەمانیی مەحکوم کرد.

راحیلە زەمانی، دایکی دوو منداڵ، دوو رۆژ لەوەپێش لە ئێران بە تاوانی کوشتنی مێردەکەی، وێڕای حەوت پیاو، لە بەندیخانەی ئەوین لە دار دران. پێنج کەسیش هاوکات لە قوم‌و زاهیدان لە دار دران.

لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە وەبیر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دەهێنرێتەوە کە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە هەموو ئەو وڵاتانە کردوە کە هەروا سزای ئێعدام بەرێوە دەبەن، لە ئێعدام کردنی ژنانی تاوانباری دووگیان‌و دایکانی خاوەن منداڵی کەم تەمەن خۆ ببوێرن.

لەو بەیاننامەیەدا هەروەها گوتراوە کە لە ساڵی رابردوودا نزیکەی ٣١٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون. ئەمە لە کاتێك دایە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە مانگی رابردوودا بە پەسند کردنی بڕیارنامەیە لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، خۆی بە لابردنی سزای ئێعدام پابەند کردوە.

ئەو بەیاننامەیە هەروەها داوای لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی کردوە تا هەرچی خێراتر بە وەلانانی یاسا هەڵاوێرانەکانی دژی ژنان، یاساکانی ئێران لەگەڵ رێوشوێنە نێونەتەوەییەکان بگونجێنێ.



گەلەکۆمەکی لە دژی PKK خەبات لە دژی تێرۆریزم دەخاتە ژێر پرسیارەوە ٢


شانۆی هەڵبژاردن‌و هەڵوێستی ئازادیخوازان ٤


تیرۆری یەکێك لە ناسراوترین رێبەرانی ژن لە دنیای سیاسەت دا ٥


بەرێوەبەرانی ئێران پێیان وایە هەر ئەوان راست دەکەن ! ٨


سوسیال دێموکراسی چیە؟ ٩


"شۆڤێنیستە ئازەرییەکان دیسان دژبە کورد دەدوێن" ١٠


سووتان‌و نەسازان! ١١

# گەلەکۆمەکی لە دژی PKK

# خەبات لە دژی تێرۆریزم دەخاتە ژێر پرسیارەوە

**مستەفا مەعرووفی**

لە نێوەراستەکانی دیسامبری رابردووەوە فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی تورکیە بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق دا بۆمباران دەکەن. تورکیە ئەو بۆمباران و سنوور بەزاندنە لە ژێر ناوی" خەبات دژی تێرۆریزم"دا بەرێوەدەبا. ئەوەی زیاتر دەستی تورکیەی لەو سنوور بەزاندنەدا ئاوەڵا کردۆتەوەو ئەرتەشی ئەم وڵاتەی چێرە گرتووتر کردوە، هەڵوێستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەتی کە پارتی کرێکارانی کوردستان بە رێکخراێکی تێرۆریست لە قەڵەم دەدەن. تەنانەت تورکیە لەو هێرشانەیدا کەڵك لە زانیاری‌یەکانی ئەمریکا لە بارەی شوێن و هەڵکەوتی ئەفرادو بنکەو بارەگاکانی ئەم رێکخراوە وەردەگرێ. هەرچەند ئەمریکا ئەمە رەت دەکاتەوە بەڵام شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە تورکیە بەبێ یارمەتی‌و ئیزنی ئەمریکاو تەنانەت هاوکاریی ئێران توانای ئۆپەراسیۆنێکی نیزامیی ئەوتۆی نیە. جگە لەوەش بە دوای دەست پێکرانی ئەم هێرشانەدا سەفیری تورکیە لە ئەمریکا لە وتووێژێك لەگەڵ راگەیەنە گشتی‌یەکان دا بە راشکاوی رای‌گەیاند کە وڵاتەکەی بەپێی نەخشەو زانیاری‌یەکانی ئەمریکا توانیویەتی بنکەو بارەگاکانی P.K.K بکوتێ‌و پاشان عەبدوڵلا گولیش بە راشکاوی باسی هاوکاریی ئەمریکای لەو پێوەندی‌دا کرد.

لەم هێرشانەدا لانی کەم دوو وڵات هاوکارو پشتیوانی تورکیەن‌و لەگەڵ تورکیە هەرکامیان بە دوای نیازو مەرامی خۆی‌دا دەگەڕێ: ئەمریکاو ئێران کە هەرکامیان مەبەستی جیایان هەیە. تورکیە نەك لە رێگای بەغداوە بەڵکوو راستەوخۆ پێوەندیی سیاسی‌و بازرگانیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا هەیە، بەو حاڵەش بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆی لە بوونی هەرێمی کوردستان‌و ئەگەری سەربەخۆیی ئەم هەرێمە لە کاتی پارچە پارچە بوونی عێراق دا راگەیاندوەو تەنانەت هەڕەشەی نیزامیشیی بۆ ئەگەرێکی ئەوتۆ هێناوەتە گۆڕێ. هۆی نیگەرانیی تورکیە لەم مەسەلەیەدا بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە: یەکەم، بوونی حەشیمەتێکی چەند میلیۆنیی کورد کە خوازیاری وەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیەتی‌و کاریگەریی هەرێمی کوردستان‌و ئەگەری سەربەخۆیی ئەو هەرێمە لەسەر باکووری کوردستان. دووەم، ئیددیعای کۆنی تورکیە لەسەر موسڵ‌و شاری کەرکووك کە خاوەنی کانگایەکی گەورەی نەوتە.

مەبەستی سەرەکیی تورکیە لەو هێرشانەداو لە هێرشەکانی ساڵانی رابردووش دا پێوەندی‌یان بەو نیگەرانیەوە هەیە ئەگینا ئەندامان‌و لایەنگرانی PKK لە سەرانسەری جیهان دا هەن‌و سەرچاوەی هێزو توانای ئەم رێکخراوە لە باکووری کوردستان‌و لەنێو سنوورەکانی تورکیە دایە. لە راستی‌دا هێزی سەرەکیی PKK لە نێوخۆی تورکیە دایە. جگەلەمانەش تورکیە هەم لە هێرشی هەوایی داو هەم لە تۆپبارانی ناوچە سنووری‌یەکانی هەرێمی کوردستان دا زۆر شوێنی بۆمباران‌و تۆپباران کردوە کە یان شوێنی ژیان‌و کارو کاسبیی خەڵکی مەدەنین یان چۆڵگەن‌و پێوەندی‌یەکیان بە بوونی PKKوە نەبووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش جگەلەوەی بۆخۆشی چەندین جار ناوچە سنووری‌یەکانی هەرێمی کوردستانی تۆپباران کردوەو خەسارەتێکی گیانی‌و ماڵیی زۆری لەو ناوچانەداوە، دوای ئەمریکا هۆیەکی یارمەتی‌دەرە بۆ تورکیە لە هێرشەکانی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دا. کۆماری ئیسلامییش لە نیگەرانیی تورکیەدا لە بارەی هەرێمی کوردستانەوە بەشدارە. جگەلەوەش پێژاك کە لە چەند ساڵی رابردوودا تێکهەڵچوونی نیزامیی لەگەڵ بووە، بەلقێك لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەزانێ. لە تۆبپارانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان زیاتر بەدی دەکرێ تا هێرش بۆسەر پێژاك‌وPKK. چونکە بەشی هەرە زۆری ئامانجی ئەو تۆپانە خەڵکی مەدەنی‌و گوند نشینەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بوون تا پێژاك‌و PKK .

بەڵام مەبەستی ئەمریکا لە یارمەتیدانی تورکیە هێندێك ئاڵۆزترو بەرفرەوانترە. ئەمریکا لەبەر راگرتنی دڵی کوردە هاوپەیمانەکانی لە باشووری کوردستان حاشا لەوە دەکا کە یارمەتیی تورکیەی دابێ. بەڵام رێبەرانی کورد زۆر بەباشی لە راستیی مەسەلەکان حاڵین هەربۆیەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز مەسعوود بارزانی بە نیشانەی نارەزایەتی ئامادە نەبوو لە بەغدا چاوی بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆندالیزا رایس بکەوێ.

لە راستی‌دا یارمەتیی ئەمریکا بە تورکیە لەو هێرشانەدا بە مەبەستی رەواندنەوەی نیگەرانیی دەوڵەتانی ناوچە لە بارەی هەرێمی کوردستان‌و ئەگەری سەربەخۆیی ئەو هەرێمەیە کە دەوڵەتانی ناوچە دەسکەوتەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان دا لە چاوی ئەمریکا دەزانن. ئەمریکا بەو هەنگاوەی هەم دڵی تورکەکان لەخۆی رازی دەکاو بەرژەوەندی‌یەکانی لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیەدا دەپارێزێ‌و هەم چرایەکی سەوز نیشانی کۆماری ئیسلامی دەدا کە لە حاڵی وتووێژدان. چونکە ئێران یەکێك لە هۆیە سەرکی‌یەکانی سەرنەکەوتنی ئەمریکا لە عێراق دایە. هەر ئەوەش ئەمریکای ناچار بە پاشەکشەیەکی زۆر لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا کردوە.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە هێرشی هەوایی ئەم دواییانەی تورکیەبۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان‌و تۆپباران کرانی پەیتا پەیتای هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوەو یارمەتیی ئەمریکا بە تورکیە، بە ئاشکرا دەر دەکەوێ کە مەبەست‌و مەرامی جیاجیای ئەم سێ وڵاتانە هەرچی بێ "خەبات لە دژی تێرۆریزم" نیە. نە ئامانجی ئەمریکا لە یارمەتیدانی تورکیەدا بۆکوتانی PKK خەبات دژی تێرۆریزمەو نە هێرشی تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا PKK یە.

لەو گەلە کۆمەکی‌یەدا کە لە دژی PKKو پێژاك‌و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێ دوو لایەنی سەرەکی واتە تورکیەو ئێران بۆ خۆیان کارنامەیەکی رەشیان لە تێرۆریزمی دەوڵەتی دا هەیە. کۆماری ئیسلامی تا ئێستا بەرەسمی‌و بە ئاشکرا لەلایەن دوو دادگای سەربەخۆی دەرەوە واتە دادگای ئەڵمان‌و دادگای ئارژانتینەوەبە تێرۆریست ناسراوە. تێرۆر بەشێکە لە باوەڕی فکری‌و ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی. ئەگەر رۆژێك کۆماری ئیسلامی نەتوانێ تیرۆر بکا یان ناچار بێ دەست لە تێرۆر هەڵبگرێ لە راستی‌دا یەکێك لە ئەرکە شەرعی‌و ئیدئۆلۆژی‌یەکانی بەجێ نەهێناوە. دەستی تێرۆریزمی ئەم رێژیمە جگە لە نێو خۆی وڵات گەیوەتە زۆر وڵاتی جیهان‌و موخالیفانی ئەو رێژیمەو جیابیرانی کردۆتە قوربانی. دەولەتی تورکیەش کە هەڵگری بیری شوڤینیزمی تورکە کە رابردوویەکی رەشی لە تێرۆری رۆژنامەنووسان‌و رووناکبیرانی هەرمەنی، کوردو تەنانەت رووناکبیرانی واقیعبینی تورك دا هەیە. بەڵام بزووتنەوەی کورد PKKیش یەك لەوان نەك هەر تێروریست نیەو لە پێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌و ئینسانی‌یەکانی نەتەوەکەی‌دا خەبات دەکا بەڵکوو بۆخۆی لە قوربانیانی ناسراوی دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی دەوڵەتانی ناوچەیە.

ئەوەی لێرەدا زیاتر جێی تێڕامانە هەڵسوکەوتی ئەمریکا لەگەڵ کێشەکە دایە کە رێبەرایەتیی خەبات لە دژی تێرۆریزمی لە جیهان دا بە ئەستۆوە گرتووە. ئەمریکا سەبارەت بە پاراستنی قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی لە ناوچەدا بۆتە لایەنێك لە کێشەی سنوور بەزێنیی هەریمی کوردستان کە تاقەسەنگەری پتەو جێی متمانەی ئەمریکا لە شەڕی عێراق دایەو حیسابێکی بۆ کوردو حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەکردوە کە تاقە دۆستی بێ دەردی سەری ئەمریکا لە ناوچە دایە.

کەوابوو ئەوەی لەم رووداوانەی دوایی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دا بەدی دەکرێ ئەوەیە کە "خەبات لە دژی تێرۆریزم"دا سەرپۆشێکە بۆ ئامانج‌و مەبەستەکانی لایەنەکانی بەشدار لەم کێشەیەدا.

جێی نیگەرانی‌یە کە پێوانەی تێرۆریزم بریتی بێ لە بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. واتە بە پێی ئەو روانگەیە ئەو هێزو دەوڵەتانەی بەرژەوەندیی ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەپارێزن تێرۆریست نین‌و ئەوانەش ئەو بەرژەوەندی‌یانە دابین ناکەن یان دژایەتی‌یان دەکەن تێرۆریستن!! بە واتایەکی دیکە تێرۆریست بوون یان نەبوونی هێزێك ببەسرێتەوە بە پاراستن یان نەپاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی رۆژئاوا بە گشتی. لە حاڵێك دا تێرۆریزم لەم سەردەمەدا گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی وڵاتان‌و گیانی مرۆڤەکان، ئەم جۆرە سیاسەتانە نەك هەر زەبر لە تێرۆریزم نادەن بەڵکوو خەبات لە دژی تێرۆریزمیش دا بە لارێ دادەبەن‌و دەرفەت‌و مەجالی زیاتر بۆ وڵاتانی تێرۆریست‌و هێزە تێرۆریستەکان پێك دێنن کە تا رادەیەکی زۆر بۆ بیروڕای گشتیی جیهان ناسراون.

ترس‌و نیگەرانیی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە چۆن ئایینە پیرۆزەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە سیاسەت‌و بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یەکان دا وەك ئامراز کەڵکی لێ وەرگیراوەو چۆن مافی مرۆڤ بۆتە قوربانیی پێوەندی‌و سات‌و سەودای وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی، لەم سەردەمەش دا "خەبات لە دژی تێرۆریزم" ببێتە بیانوویەك بۆ وەدەستهێنانی قازانج‌و بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتانی بەهێزو بردنە پێشی سیاسەتەکانیان.



**نە ئامانجی ئەمریکا لە یارمەتیدانی تورکیەدا بۆکوتانی PKK خەبات دژی تێرۆریزمەو نە هێرشی تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا PKK یە.**

**ئەگەر رۆژێك کۆماری ئیسلامی نەتوانێ تیرۆر بکا یان ناچار بێ دەست لە تێرۆر هەڵبگرێ لە راستی‌دا یەکێك لە ئەرکە شەرعی‌و ئیدئۆلۆژی‌یەکانی بەجێ نەهێناوە**

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب‌و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## سەقز

### تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك و هێزی ئینتزامی و گاردی تایبەت

رێکەوتی ٤ ی بەفرانبار فەرمانداری سەقز دە سەر ترمینالێ ( گاراژ)ی ماشێنەکانی بانەی کردو داوای لێکردن کە شوێنەکانیان بگوازنەوە. بەلاّم لە لایەن بەرێوەبەرایەتیی ترمینالەوە وەلاّمی نەدرایەوە، هەر بۆیە هێزەکانی ئینتزامی رژانە ترمینالۆ بە زۆرەملی ئەو شوێنەیان پێچۆڵ کردن.

## مەهاباد

### هێرشی بەکرێگیراوان بۆ سەر ماڵی شەهید چرچەی بارام میرزا

سەر لە بەیانیی ٤ ی بەفرانبار هێزەکانی رێژیم هێرش دەبەنە سەر ماڵی شەهید" چرچەی بارام میرزا" و دەوروبەری بە بەکرێگیراوەکانیان دەئاخنن.

ئامانجی رێژیم کە لەو هێرشە داگیرکردنی ماڵە شەهیدی ناوبراو بووە کە ئێستا براکەی بە ناوی عەلی تێیدا دەژی بۆ ئەوەی بیدەن بە کەسێکی کرێگرتە بە ناوی پەرتەویان. شایانی باسە هێزەکانی رێژیم دوای ئەوەی ئەندامانی بنەماڵەکەیان ناچار کرد خانووەکە چۆڵ بکەن دەرگای خانووەکەیان جۆش کرد.

### گیرانی چالاکانی مەدەنی بەردەوامە

رۆژی ٢٥ی سەرماوەز، چالاکێکی مەدەنیی شاری دێولان بە ناوی علی شاکر کوری فەرەج لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە لە ماڵی خۆی قۆڵبەست کراوەو بەرەو شوێنێکی نادیار راگواستراوە کە تا ئێستا هۆی قۆڵبەست کران و هەروەها چارەنووسی ناوبراو ناروونە.

هەر لەو پێوەندییەدا رۆژێك دواتر چالاکێکی مەدەنیی شاری سنەش بە ناوی سەباح عەباسی، کوری سمایل لە لایەن ئیتیلاعاتەوە قۆڵبەست کراوە.

دەگوترێ ناوبراو ماوەیەکە لە ژێر چاوەدێریی دەزگا سیخوڕییەکانی رێژیم دا بووەو پێشتر جارێك بانگ کراوەتە ئیدارەی ئیتیلاعات.

## مەهاباد

### بلاّوبوونەوەی حەبی بێهۆشکەری نوێ

ماوەیەکە کاربەدەستانی رێژیم دەستیان داوەتە بلاّوکردنەوەی حەبێکی بێهۆشکەری پڕمەترسی بە ناوی "ئێکس تیزی".

دەگوترێ ئەو جۆرە حەبە پێشتر تەنیا لە تاران دەست دەکەوت و ئێستا بە شێوەیەکی بەربلاّو لە شاری مەهاباد بلاّو دەبێتەوە. بەکرێگیراوانی رێژیم بلاّوکەرەوەی سەرەکیی ئەو حەبەن. شایانی باسە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە زۆر جار کارەساتی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە مرۆڤ سەرسام دەکا.

### بریندار بوونی هاوولاّتیەك بەهۆی دەسرێژی چەکدارە نەناسراوەکان

شەوی ١ی بەفرانبار چەند چەکداری نەناسراو لە گوندی "لیلان"ی ناوچەی رەبەت تەقەیان لە هاوولاّتیێك بە ناوی خالید حەسەنزادە، کوری مەلا سالّح کرد و لە ئاکام دا ناوبراو بە سەختی بریندار بوو و رەوانەی یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ورمێ کرا.

## سەردەشت

### بە هۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمەوە کاسبکارێك کوژرا.

ماوەیەك لەمەوبەر چەند کاسبکارێك لە سەر سنووری پیرانشار لە شوێنێك بە ناوی "کانی خودا" کەوتنە کەمینی هێزەکانی رێژیم و لە ئاکامی دەسرێژ بۆ سەریان، کەسێك بە ناوی هەمزە کوری حەمەدەمین خەڵکی گوندی "ئالۆەتان" ی سەردەشت کە ماوە چەند ساڵێکیش پیشمەرگە بووە بە توندی بریندار بوو و دوای ١٤ رۆژ لە نەخۆشخانە رێکەوتی ٧ی بەفرانبار گیانی لە دەست دا.

شایانی باسە مامی ناوبراو "ئەحمەد فەرامەرزی" و ئامۆزایەکی "رەحمان جیهانگیری" شەهیدی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو دۆستانی دەکەین.

## مەهاباد

### دیاری کردنی ماوەی کار بۆ کافینێتەکان

رێکەوتی ١١ی بەفرانبار دیسان مەئموورانی ئیدارەی ئیتیلاعات رژانە کافینێتەکانی شاری مەهابادو وێڕای پشکنینی دەزگاکانیان ماوەی کارکردنیان بۆ دیاری کردون. شایانی باسە تا ئێستا کافینێتەکان دەیانتوانی تا کاتژمێر ١ی شەو کار بکەن ئێستا پێیان راگەیاندوون تەنیا تا کاتژمێر ٩ی پاش نیوەڕۆ دەتوانن کار بکەن.

## سەردانی شاندێکی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ رەوتی چاکسازی و گەشە لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رێکەوتی ٧ی بەفرانبار، شاندێکی رێکخراوی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ روتی چاکسازی و گەشە بە سەرپەرستیی کاك عومەری ئیلخانیزادە بەرپرسی ئەو رێکخراوەیە، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێزان عەبدوڵلا حەسەن زادەو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی‌یەوە پێشوازیی لێکرا. لەو دانیشتنەدا دۆزە سیاسی‌یەکانی رۆژو چۆنیەتیی پێوەندییە جیهانی‌و نێونەتەوەییەکان‌و پتەو کردنی پێوەندیی نێوان هێزەکانی رۆژهەلاّتی کوردستان‌و دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ هاوکاریی ئەو هێزانە هاتە گۆڕێ.

## کۆڕێك لە ژێرناوی "باسێکی گشتی لەسەر جیهان‌و ئێران‌و کوردستان"

رۆژی یەکشەممە ٢ی بەفرانبار کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی بۆ کاك جەعفەر حامیدی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی حیزب لە دەرەوەی ولاّت پێك هێنا.

بەڕێزیان وێڕای ئاوڕدانەوە لە بەرنامەی ئەم هەزارەیەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و لێدوان لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران‌و بە مەترسیدار ناوزەدکردنی پرۆژەکەو دربڕینی نیگەرانیی ولاّتانی جیهان بەتایبەت ئەمریکاو یەکیەتیی ئوروپا، بە تێرو تەسەلی تیشکی خستە سەر پاژەکانی ئەو تەوەرانە.

هەروەها بەڕێز حامیدی هێزو توانامەندیی ولاّتانی گرنگی جیهانی هەڵسەنگاندو لە کۆتاییدا ئاماژەی بە گرینگی‌و دەوری دیپلۆماسی‌و پێداچوونەوە بە سیستەمی کاری دیپلۆماسیی حیزب دا کرد.

کۆڕەکە بە پرسیاری هێندێك لە بەشداربووان‌و وەلاّمەکانیان کۆتایی پێهات.

## سەردانی شاندێکی پارتی کرێکاران‌و رەنجدەرانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

شاندێکی پارتی کرێکاران‌و رەنجدەرانی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان:

باپیر کامەلا سکرتێری پارتی کرێکاران‌و رەنجدەرانی کوردستان،
هاوکار مەحموود کارگێڕی مەکتەبی سیاسی
سامی خۆشناو ئەندامی مەکتەبی سیاسی
سالّح کاکەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی
محەممەد مام کەریم ئەندامی پێوەندییەکانی پارتی کرێکاران‌و رەنجدەرانی کوردستان.

رێکەوتی ٦ی بەفرانبار، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن بەڕێزان عەبدوڵلا حەسەن زادەو مستەفا مەولوودی، کەماڵ کەریمی، عومەر باڵەکی، حەسەن قادرزادە ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و جەعفەر حامیدی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی حیزب لە ئورووپاو خالید وەنەوشە جێگری بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە هەولێر پێشوازیی لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا کە ٢ کاتژمێری خایاند کۆمەڵێك باسی سیاسی لە پێوەندی دەگەڵ بارودۆخی رۆژهەلاّتی ناوین‌و هێرشی ئەم دواییانەی تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و بۆمباران کردنی چیاو گوندەکانی باشووری کوردستان‌و هەڵوێستی سەرکردایەتیی کوردو ئەو کێشانەی کە ئەمرۆ لە ئارادان‌و هەنگاونان بەرەو درووستبوونی هاوبەندییەکی گەورە لە کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هاتنە گۆڕێ.

## ورمێ

### کۆچی دوایی ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب

رێکەوتی ٦ی بەفرانبار، ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی "مەحموود سۆفی بوبەکران"خەڵکی گوندی "خوراسپ" ی مەرگەوەڕی ورمێ لە تەمەنی ٨٢ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو بە هۆی هاوکاریی چالاکانەی دەگەڵ حیزب و پێشمەگەکان لە هەموو قۆناخەکانی خەباتدا چەندین جار لە لایەن رێژیمەوە خراوەتە گرتووخانەو ئازار و ئەشکەنجە دراوە، بەلاّم هیچ کات پشتی لە ئامانجەکانی شەهیدان و نەتەوەکەی نەکرد و تا دوایین هەناسە دڵی هەر بۆ گەلەکەی لێی دا.

بەم بۆنەیەوە کۆڕێکی پرسە بۆ سەرەخۆشیی کردن لە بنەماڵەی سادقپوور و بنەماڵەی بوبەکران بە تایبەتی کچی خوالێخۆشبوو، لە کەمپەکانی حیزب دا بەرێوە چوو.

بەم بۆنەیەوە سەرخۆشی لە خەڵکی نیشتانپەروەری ناوچەی ورمێ مەرگەوەڕو بنەماڵەکەی دەکەین.

## نەغەدە

### کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزب

چەند رۆژ لەمەوبەر ئەبوبەکری رەحمانی، کوڕی مام قادر، کۆچی دوایی کرد. کاك ئەبوبەکر یەکێك لە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی ناوچەی نەغەدەو ئەندامێکی لەمێژینەو دڵسۆزو چالاکی حیزبی دێموکرات بوو. ناوبراو لەسەر حیزب‌و نەتەوەکەی بۆ ماوەی ٣ ساڵ (٦٢ ـ ٦٥) لە زیندانە تاریکەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بوو.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری کاك ئەبوبەکر دەکەین.

## سەقز

### کاك عەبدوڵلا فەهیمی ئەندامی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف کۆچی دوایی کرد

کاك عەبدوڵلا فەهیمی لە دایك بووی ١٢٩٥ ی هەتاوی خەڵکی شاری مەهاباد کە ساڵی ١٣٢١ بووە بە ئەندامی ژێ ـ کاف و پاشان ساڵی ١٣٢٤ لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بە ئەندامی حیزب. پاش رووخانی کۆماری کوردستان سێ ساڵ زیندانیی بۆ بڕایەوە. دوای تێپەڕاندنی ماوەی زیندانیەکەی دوور دەخرێتەوە بۆ تاران و ماوەیەك لە دوخانیاتی سنە و هەروەها قوروە لە ژێر چاوەدێری ساواك کار دەکا. ماوەیەکیش لە بانە و سەقز کار دەکا تا ئەوەی ساڵی ٥٧ خانەنشین دەکرێ. پاش خزمەتێکی شایان ئەو مرۆڤە خۆشەویست و ماندوونەناسە رێکەوتی ١١ ی سەرماوەز دڵی لە لێدان کەوت.

هەر بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ناوبراوو تێکۆشەرانی‌حیزبی دێموکراتی دەکەین.

## سەقز

### کۆچی دوایی تێکۆشەرێك بە هۆی پێکدادانی ماشێن

رێکەوتی ٢٨ ی سەرماوەز تێکۆشەر" هیوا محەممەدی" کوڕی ئەحمەد تەمەن ٢٨ ساڵان خەڵکی سەقز لە رێگەی بیجار- زەنجان بە هۆی پێکدادانی ماشین گیانی لە دەست دا. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی و خەڵکی سەقز دەکەین.

## کۆچی دوایی تێکوشەری دێرینی ڕێگای ئازادی کاک حەمەدەمین قادرزادە (مینەهەلاج)

ڕێکەوتی١٣٨٦/١٠/٨ی هەتاوی حەمەدەمین قادرزادە ناسراو بە مینە هەلاج خەڵکی گوندی نستان، دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی، لە تەمەنی ٩٠ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

حەمەدەمین قادرزادە ناسراو بە مینە هەلاج، لە دایک بووی گوندی نستان سەر بە ناوچەی گەورکی ڕەبەت بوو. ناوبراو یەکێک لە مرۆڤە ناسراوەکانی ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت و جێگای متمانەی خەڵکی ئەم دەڤەرە و ناوچەکانی دیکە بوو. خاڵە مینە هەر لە سەرەتای لاوەتی و گەنجی را ئاوێتەی شۆرش بووە و زۆر بە دڵسۆزی‌یەوە ئەرکەکانی حیزبی لە ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت و مەهاباد بەڕێوە بردوە. لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاویی دا یەکێک لەو دڵسۆزانە بووە کە کادرەکانی حیزبی دێموکرات سەردانیان کردوە و باخ و مووچە و مەزرا و ماڵەکەی جێ حەشارگەی تێکۆشەرانی دێموکرات بووە و هەر ئەو دڵسۆزی‌یەش بۆتە هۆی ئەوە کە یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی کاک محەممەد قادرزادە ببێتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧ـ ١٣٤٦ ی هەتاوی.

دوای ڕووخانی ریژێمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاڵە مینە بە هەر سێ کوڕەی و خزمەکانیانەوە هاتنە نێو ڕیزی شۆرش و لە نیو ریزەکانی حیزبیش دا بەو پەڕی دڵسۆزی‌یەوە خزمەتی بە گەلەکەی کرد، لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچە دا خاڵەمینە وەک هێزی بەرگری دەهاتە نێو شەڕگەکان. دوای ئەوە کە ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشت لە لایەن رژێمەوە گیرانەوە، خاڵە مینە لە گوندی نستان خەریکی کاری ئاسایی ڕۆژانەی خۆی بوو، بەڵام لەبەر ئەوە کە ٣ کوڕی پێشمەرگەی دێموکرات بوون، هەمیشە دەکەوتە بەر ڕق و قینی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران و زۆرجار گیرا و بێ ریزیی پێکرا و چەند جاریش لە لایەن رژێمەوە لە نستان دەرکرا و ڕەوانەی لای کوڕەکانی لە بنکەکانی شۆڕش کرا .



خاڵە مینەی بە ورە و ئیمان کاتێک کە کوڕە گەورەکەی بە ناوی محەممەد مینەهەلاج یەکێک لە فەرماندەرانی بەوەجی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ دا لە هەلمەتێک لە ناو شاری ڕەبەت دا شەهید بوو، زۆر بە ورەوە قسەی بۆ هاوڕییان و خەڵکی گوندی نستان کرد و دڵخۆش بوو بەوە کە ٢ کوڕی دیکەی لە نێو ڕیزی شۆرشگێرانی دێموکرات دان بۆ درێژە دانی ڕێگای شەهید محەممەد و هەموو شەهیدانی گەل.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی‌و هاوڕێ حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب و کوری خوالیخۆشبوو خاڵە مینە و خەڵکی ناوچەی ڕەبەت‌و سەردەشت دەکەین.

# شانۆی هەڵبژاردن و هەڵوێستی ئازادیخوازان

رەسووڵ سوڵتانی

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران هەر چوار ساڵ جارێک بە کۆمەڵێک دروشمی فریودەرانەوە بە مەبەستی هەڵبژاردنەکانی بەناو نوێنەرانی خەڵك بۆ پارلمان بەڕێوە دەچن. ئەم شانۆی هەڵبژاردنانە هەتا ئێستا ئەوەندەی بایکۆتیان خراوەتە سەر ئەوندەیان پێشوازی لێنەکراوە. پێویستە ئەوە بگوترێ کە زۆربەی بایکۆت و تەحریمەکان لە لایەن حیزب و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی ئێران و هەروەها لە نێوخۆی ئێرانیش دا لە لایەن رەوت و چین و توێژە رۆشنبیرە سەربەخۆکانەوە بووە و هێندێ جاریش خەڵکی ئێرانیش بە شێوەیەکی بەرچاو بە دەنگی بانگەوازەکانی ئەو گرووپ و حیزب و لایەنە سیاسی و رۆشنبیرییانەوە هاتوون و نیگەرانیی جیددییان بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دروست کردوە، بەڵام هیچکات وانەبووە کە ئەوان بێنێتە سەر ئەوەی کە، گۆڕانێکی واقیعی لە روانگە و هەڵوێستی سیاسی و ماهیەتیان دا پێك بێنن. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەوەی کە خۆی لە هەمبەر خەڵکی ئێران دا بە وەڵامدەر نازانێ هەتا ئێستا خوێندنەوەیەکی بۆ ئەم بایکۆت و تەحریمانە نەبووە، ئێمە لێرەدا نەك بە مەبەستی خەسارناسیی بە ناو هەڵبژاردنەکانی ئێران بەڵکوو بە مەبەستی تیشك خستنە سەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامی و جەوهەرو چەمك و مانای هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ئەم رێژیمەدا ئاوڕێکی کورت و خێرا لە هۆکارەکانی دەدەینەوە.

ئازادیی هەڵبژاردن خۆی یەکێك لە فاکتەرەکانی بوونی دیموکراسی‌یە هەڵبەت هەتا ئەو جێگەیەی کە ئازادی و سەربەستیی تاك بۆ خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنەکانی کەس یا کەسانی دڵخواز پارێزراو بێ. هەڵبژاردنە شانۆییەکانی سەرۆك کۆماری و مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران هەتا ئێستا دژی ئەوەی سەلماندووە و تاکی کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ کۆمەڵێك مەرج و بنەمای سەیرو سەمەرە و دواکەوتووانە بەرەورووو دەبێتەوە کە چ بە مەبەستی خۆپاڵاوتن یا هەڵبژاردن، ئەگەر ئەم مەرج و بنەمایانە رەچاو بکا هەڵبژاردنەکەی تەواو شتێکی بێنێوەرۆك و بۆش و بێجەوهەر دەبێ. چونکە ئەم مەرجانە بە شێوەی جەوهەری دژایەتییان لەگەڵ ئازادیی هەڵبژاردن و هەڵبژێران هەیە. ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێ یا باشتر بڵێین ناونووسی دەکا دەبێ پێبەندی ئەو مەرج و خاڵانە بێ. بۆ وێنە، پاڵیوراوی سەرۆك کۆماری دەبێ شیعەی دوازدە ئیمامی بێ. یا نوێنەرانی مەجلیس دەبێ ئەسڵی ویلایەتی موتڵەقی فەقیە یان قبووڵ بێ، دیارە ئەم دووخاڵە زەقترین خاڵەکانی پێشێلکەری ئازادیی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنن. سەرەڕای ئەوانەش، ئەو کەسانەی تەنانەت بە رواڵەت یا بە راستی دان بەوەدا دەنێن کە بڕوایان بەو شتانە هەیە و لە پاڵوێنەی شوورای نیگابان دەگوزەرێن و دەنگیان پێدەدرێ لە پارلمانی ئێران دا خاوەنی ئەو ئازادییە پێویستە نین کە داخوازە رەواکانی خەڵك بە ئاشکرایی بێننە گۆڕێ و دیفاعیان لێبکەن. نموونەیەکی ئاشکرا وەکوو بەڵگەیەك بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەست تێوەردانی راستەوخۆی رێبەر واتە خامنەیی‌یە لە کاروباری پارلمان دا، کە زەقترین دەستتێوەردان ئەو فەرمانە مێژووییەی رێبەری بوو بۆ



مەجلیسی شەشەم لە کاتی هێنانەگۆڕێی یاسای چاپەمەنی‌دا. کە تێیی‌دا ئەمری بە مەجلیس کرد ئەو ریفۆرمەی کە قەرار بوو لە یاسای چاپەمەنی‌دا بکرێ بە هۆی ناتەبا بوونی لەگەڵ شەرع و قانوون، وەلای بنێن.

ئەو پارلمانەی کە دەبێ دارێژەری یاسا بێ بە هۆی ئەوەی کە ئەندامەکانی لە کەسانێك پێك دێن کە یا لە ویلایەتی فەقیە و بنەما کۆن و سواوەکانی رێژیم دا تواونەتەوە و هەرچەشنە گۆڕانێك لەم بنەمایانە بە تاوانی گەورە دەزانن یا ئەوەی کە بە هۆی دەستتێوەردانی کۆمەڵێك دامودەزگای سەرووی یاسا، توانای هیچ چەشنە بڕیارێکی لە دەرەوەی ویستی ئەم دامودەزگایانەوە نیە، بەو پێیە لەوەها بەناو پارلمانێك دا نەك داوا رەواکانی خەڵك ناخرێنە بەرباس، بەڵکوو شوێنێکە بۆ ئەوەی سەرکوت و لەمپەر سازکردنەکان لەبەردەم ئازادیی خەڵك دا رەنگ و بۆنی یاسایی پێدەدرێ و پاساوی یاسایی بۆ دەکرێ. هەر بۆیەش ئازادیخوازان و ئەو کەس و لایەنانەی کە لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی گەیشتوون و بە پێوەرە سەردەمیانەکان دەڕواننە هەڵبژاردن و هەموو لایەنەکانی لەبەرچاو دەگرن، ئاگاداری ئەو راستی‌یەن کە ئەوەی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامی‌دا بەڕێوە دەچێ نەك هەڵبژاردن نیە بەڵکوو بێحورمەتییەکی گەورەیە بە دیموکراسی و ئازادی و لە راستی‌دا فریودانی بیروڕای گشتی‌یە لە نێو خۆو دەرەوەی وڵات دا کە بە خۆشی‌یەوە کۆماری ئیسلامی دەمێکە پەتەی کەوتوونەتە سەر ئاوو کەس فریوی ئەم گزەو فێڵ و تەڵەکانە ناخوات. هەروەها پارلمانە پاوانکراوەکەشی نەك نوێنگە و مینبەری دەنگ و داخوازەکانی خەڵك نیە بەڵکوو شوێنێکە بۆ قایمکردنی کۆڵەکانی دەسەڵاتی داپلۆسێنەر و ئازادیکوژی رێژیم.

بەو پێیە سروشتییە کە وەها هەڵبژاردنێك لەگەڵ بایکۆتی گشتی بەرەورووو دەبێتەوە.

## فشار و دەسبەسەرکردنی ژنانی تێکۆشەر لە لایەن دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە درێژەی هەیە

چەند رۆژ لەوە پێش چالاکێکی‌تری مەدەنی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی رێژیم، بۆ بەردەم دادگای ئینقلابی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە بانگ کرا. بە پێی هەواڵی هەواڵنێریی موکریان، شەهێن محەممەدی بە تاوانی هاوکاری لەتەک یەکێک لە هێزەکانی ئوپوزیسیۆن، حوکمی ئامادەبوون لەبەردەم دادگای پێ دراوە. چەند مانگێکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی فشاری دەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆی بۆسەر ژنانی مافویست و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران چڕتر کردۆتەوە و تا ئێستا دەیان کەس لە ژنانی چالاک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ، رۆژنامەوانی، بزووتنەوەی خوێندکاری و ...ی بەتاوانگەلی هاوکاری لە گەڵ ئوپوزیسیۆنی نەیاری رێژیم، هەوڵدان بۆ رووخاندنی رێژیم، هەوڵدان بۆ تێکدانی بیروڕای گشتی و ...ی بۆ بەردەم دادگاکانی خۆی راکێشاوە یان دەسبەسەر کراون و رەوانەی زیندانەکانی کردوون. چەند رۆژ لەمەوبەر لەیلا مەدەنی، خاوەن ئیمتیاز و بەرێوەبەری حەوتەنامەی کەرەفتوو کە رۆژی پێنجشەممە ٦ی بەفرانبار حەوتەنامەکەی بە یەکجاری داخرا، بە تاوانی بەشداری لە کۆبوونەوەی چالاکانی سیاسیی سەرانسەریی ئێران بۆ باس و وتوێژ لەمەڕ دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەبۆنەی رۆژی جیهانی مافی مرۆڤ، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کرا . رۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە کتێبخانەی شاری سنە بەر بە قسەکردنی سیمین چایچی، چالاکی بواری ئەدەبی و مافی ژنان و بەرپرسی کومیتەی ژنانی "پێنی کورد"، گیرا. ئەو کۆرە کە تایبەت بوو بە باس



لەسەر رۆمان، کاتێك چایچی لە نۆرەی خۆیدا بۆ قسەکردن چووە پشت تریبون، بە گژی‌دا چونەوەو پێ راگەیەندرا کە ئیزنی قسەکردنی نیە. لە سەرەتاکانی مانگی سەرماوەز، زێنەب یووسفی دوای گەرانەوەی لە فیستیڤاڵی ئەدەبیی گەلاوێژ، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگ کرا. ناوبراو یەکێک لە سیما ناسراوەکانی ئەدەبیاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و تا ئێستا چەندین کتێبی بە چاپ گەیاندوون. رۆژی ١٠ی خەزەڵوەر نووسەر و وەرگێڕ چنوور فەتحی بە تاوانی ئەندامەتی لە رێکخراوێکی نەیاری رێژیم بە پێی بڕیاری دادگای ئینقلابی شاری سەقز، پێنج ساڵ حەپسی تەعزیری بەسەردا سەپا. ناوبراو ئەنجامدانی هەر جۆرە وتوویژ، چالاکیی ئەدەبی و پێوەندیی تەلەفۆنی و ئینترنێتیی لێ قەدەغە کرا. رۆژی ١٣ی خەزەڵوەر هانا عەبدی چالاکی بواری ژنان و ئەندامی "کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا" لە شاری سنە، لە لایەن حەوت کەس لە مەئموورانی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کرا و رەوانەی زیندان کرا. ناوبراو لە زینداندا بە نارەزایەتی لە هەلسوکەوتی کاربەدەستانی حکومەت، هەوڵی خۆکوشتنی دا کە لە لایەن هاوبەندیەکانیەوە پێشی پێ گیرا و رزگار کرا. هانا تەمەنی ٢١ ساڵە و خوێندکاری بەشی دەروونناسی لە زانکۆی پەیامی نووری بیجارە. سەرلەبەیانی رۆژی 17ی رەزبەر رووناک سەفارزادە چالاکی بواری ژنان و ئەندامێکی دیکەی کەمپەینی سەرانسەریی "یەك میلیۆن ئیمزا" لە سنە، لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە دەسبەسەر کرا. سەفارزادەی تەمەن ٢١ ساڵ مامۆستای زمانی کوردیە کە لە رۆژی جیهانی منالان، لە ناو ئەو جێژنەی کە لەگەڵ هاوکارەکانی بۆ منالانی بنکەی هەورازی شاری سنە پێکیان هێنابوو، دەسگیر و راپێچی زیندان کرا. رۆژی ٩ی خەزەڵوەر دایکی رووناک سەفارزادە کە بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی کچەکەی سەردانی دادگای سنەی کردبوو، کەوتە بەر مست و پیلاقەی مەئموورانی دادگای کۆماری ئیسلامیەوە . ئەوانەی باس کران تەنیا بەشێک لە فشارەکانی چەند مانگی رابردووی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ژنانی ئازادیخوازی کوردستانن. لە ئاستی سەراسەریی ئێرانیشدا تا ئێستا بە دەیان کەس لە ژنانی چالاکی مەدەنی لە لایەن دەزگا ئیتیلاعاتییەکان و دادگاکانی ئینقلابی ئیسلامیەوە دەسبەسەرکراون . مریەم حوسێنخواه، پەروین ئەردەڵان و جیلوە جەواهیری چەند نموونەیەکی دیکە لە ژنانی چالاکی مەدەنین کە تا ئێستاش لە زیندانەکانی ناوەندیی ئێراندا دەسبەسەرن .

سەرچاوە:
www.kurdistanukurd.com

# تیرۆری یه‌كێك له‌ ناسراوترین ڕێبه‌رانی ژن له‌ دنیای سیاسه‌ت دا

**كوێستان فتووحی**


GETTY IMAGES

له‌ یه‌كێك له‌ مه‌یدانه‌كانی شاری راولپه‌ندی، له‌ نێو هه‌زاران ژن‌و پیاوی خوازیاری ئازادی‌و دیموكراسی‌دا راوه‌ستابوو تا قسه‌ له‌ سبه‌ینێ‌یه‌ك بكا كه‌ زۆر له‌ مێژه‌ ئه‌و خه‌ڵكه‌ له‌ چاوه‌ڕوانیی وه‌دیهاتنی دان. بینه‌زیری عاشق، به‌ نیشانه‌ی وه‌فاداری‌و خۆشه‌ویستی بۆ ئه‌و خه‌ڵكه‌ كه‌ چه‌ندین ساڵه‌ له‌ چاوه‌ڕوانی گه‌ڕانه‌وه‌ی دا بوون بۆ ولاته‌كه‌یان، ئازاو به‌ جورئه‌ت‌و باوه‌ڕبۆخۆ، ده‌سته‌كانی به‌رز كردوه‌و به‌ روخسارێكی وه‌ك هه‌میشه‌ گه‌ش‌و ده‌م به‌ پێكه‌نین، له‌ نێو چه‌پڵه‌ڕێزانی جه‌ماوه‌ره‌كه‌ی‌دا ده‌ستی به‌قسه‌كردن كرد. قسه‌كردن له‌ ئازادی، له‌ دیمۆكراسی، له‌ كۆتایی‌هێنان به‌ دیكتاتۆری‌و زیندان‌و تیرۆر، له‌ كۆتایی‌هێنان به‌ ده‌ستدرێژیی به‌ كۆمه‌ڵی پیاوانی خێڵ‌و تایفه‌كان بۆ سه‌ر ژنان، له‌ كۆتایی‌هێنان به‌ ده‌مارگرژیی ئایینی‌و هتد، كه‌ كه‌مترین‌و سه‌ره‌تایی‌ترین خواسته‌كانی ئه‌و خه‌ڵكه‌ بوون. ئه‌و خه‌ڵكه‌ی كه‌ شاد بوون به‌ قسه‌كانی‌و بیریان لێ‌ده‌كرده‌وه‌و هیوادار بوون ئه‌مجاره‌ ئه‌م رێبه‌ره‌ بتوانێ سه‌ركه‌وتوو بێ‌و دیمۆكراسی‌و ریفۆرم له‌ ولاتدا به‌دی بێنێ، له‌پڕ ده‌نگی ده‌سڕێژی تفه‌نگی تیرۆریستان خولیای ئه‌م جه‌ماوه‌ره‌ دڵ پڕ له‌ هیوایه‌ تێك ده‌داو رێبه‌ری ئاوات‌و ئاره‌زووكانیان ده‌پێكرێ‌و سه‌رپۆشه‌ سپی‌یه‌كه‌ی شه‌لاڵی خوێن ده‌بێ.

بینه‌زیر بوتۆ، كچی زولفه‌قار عه‌لی بوتۆی رێبه‌ری ئازدیخواوازو دیمۆكراسیخوازی پاكستان له‌ ساڵی ١٩٥٣ی زایینی له‌ شاری كه‌راچی له‌ دایك بوو. خوێندنی زانكۆی له‌ زانكۆكانی هاروارده‌ی ئه‌مریكاو ئاكسفۆردی ئینگلستان له‌ لقی سیاسه‌ت‌و فه‌لسه‌فه‌دا ته‌واو كرد. بینه‌زیر سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی سیاسه‌تی ده‌خوێند له‌ سه‌ره‌تادا ئۆگریی به‌ كاری سیاسی نه‌بوو، به‌لام به‌هۆی ئه‌وه‌ی له‌ ساڵی ١٩٧٧ ژێنڕاڵ زیائولحه‌ق له‌ دژی زولفه‌قار عه‌لی بوتۆی باوكی كه‌ سه‌رۆك وه‌زیری پاكستان بوو، كودیتای كردو خستیه‌ زیندان، رووی كرده‌ كاری سیاسی. ئه‌و كاته‌ بینه‌زیر بوتۆ ته‌مه‌نی ٢٤ ساڵ ده‌بووو له‌ ده‌ره‌وه‌ی ولات خه‌ریكی خوێندن بوو. به‌ بیستنی گیرانی باوكی له‌لایه‌ن زیائولحه‌قه‌وه‌ به‌ په‌له‌ گه‌ڕایه‌وه‌ پاكستان. دوو ساڵ دواتر باوكی ئێعدام كرا. هه‌ر دوای ئێعدامی باوكی بۆخۆشی خرایه‌ زیندان‌و ٥ ساڵ ژیانی له‌ زیندانی تاكه‌كه‌سی‌دا به‌سه‌ر برد، وه‌ك بۆ خۆی ده‌ی گوت ده‌ورانێكی سه‌خت‌و تاقه‌تپڕووكێن بوو.

بینه‌زیر بوتۆ بۆ چاره‌سه‌ری نه‌خۆشی له‌ زیندان هاته‌ده‌ره‌وه‌و هه‌ر له‌و كاته‌دا ده‌فته‌ری حیزبی "مردم"ی پاكستانی له‌ شاری له‌نده‌ن دامه‌زراندو تێكۆشانی سیاسیی خۆی ده‌ست پێ‌كرد.

ناوبراو له‌ ساڵی ١٩٨٦ گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ پاكستان‌و درێژه‌ی به‌ كاری سیاسی دا. دوو ساڵ دواتر كاتێك ژێنڕاڵ زیائولحه‌ق به‌ هۆی ته‌قینه‌وه‌ی فرۆكه‌كه‌ی كوژرا، بینه‌زیریش وه‌ك یه‌كه‌مین سه‌رۆك وه‌زیری ژن له‌ پاكستان هه‌ڵبژێردرا.

به‌ ده‌سه‌لات گه‌یشتنی ژنێك له‌ ولاتێكی ئیسلامی‌دا بۆ زۆر له‌ ده‌مارگرژه‌ ئایینی‌یه‌كانی ولاته‌كه‌ی شیاوی ته‌حه‌ممول كردن نه‌بوو، ته‌نانه‌ت بۆ ولاتانی هاوسێی پاكستانیش قبووڵ كردنی ئاسان نه‌بوو. هه‌ر له‌ پێوه‌ندی له‌ گه‌ڵ سه‌رۆك وه‌زیریی ئه‌ودا بوو هێندێك له‌ رێبه‌رانی ئایینی عه‌ره‌ب‌و ئێرانییش هاواریان لێ به‌رز بۆته‌و ده‌ڵێن: "نائه‌هل ناتوانێ رێبه‌ریی ولاتێك بكاو؛ ژنانیش له‌ نائه‌هله‌كانن". بۆیه‌ به‌ توندی كه‌وتنه‌ دژایه‌تی كردنی بینه‌زیر.

له‌و ولاتانه‌دا ژن بوون بۆخۆی تاوانێكی گه‌وره‌ بوو چ بگا به‌وه‌ی بچێته‌ سه‌ر كورسیی ده‌سه‌لات. ولاتی پاكستان تاكوو ئێستاش زۆر له‌ خه‌ڵكه‌كه‌ی گیرۆده‌ی سوننه‌ته‌ دواكه‌وتووه‌ مه‌زهه‌بی‌و نامه‌زهه‌بی‌یه‌كانن، ئێستاش شووڕا ناره‌سمی‌یه‌كانی لادێ ده‌توانن بڕیاری كوشتنی ئه‌و كچانه‌ بده‌ن كه‌ مل نادەن به‌ زه‌ماوه‌ندی زۆره‌ملی له‌گه‌ڵ كوڕه‌مامه‌كانیان، یان ده‌توانن بڕیاری ده‌ستدرێژی به‌كۆمه‌ڵ له‌لایه‌ن پیاوانی هۆزو تایفه‌كانه‌وه‌ بۆ سه‌ر ژنان به‌ناوی تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌ی تایفه‌یی، ده‌ربكه‌ن هه‌تا ئێستاش رێبه‌رانی ئایینی‌و ته‌نانه‌ت سیاسییش له‌و ولاته‌ "گه‌لاڵه‌ی مافی ژنان" وه‌كوو "گه‌لاڵه‌ی فه‌حشاو فه‌ساد" ناو ده‌به‌ن‌و له‌ دژی راوه‌ستاون.

ئا له‌م ولاته‌دا بوو بینه‌زیر بوتۆ بووه‌ یه‌كێك له‌ ناسراوترین‌و دیارترین رێبه‌رانی ژن له‌ دنیای سیاسه‌ت دا.

مه‌رگی بینه‌زیر بۆتۆ خه‌سارێك بوو بۆ بزووتنه‌وه‌ی دیموكراسیخوازی‌و، ته‌نیا به‌ره‌ی دوژمنانی ئازادی‌و تاریكیپه‌رستان‌و ده‌مارگرژانی ئایینی، ده‌توانن دڵ به‌م جۆره‌ تاوانانه‌ خۆش بكه‌ن. به‌لام گومانی تێدا نیه‌ كه‌ ڕه‌وتی هه‌نگاونان به‌ره‌و ڕووناكی‌و ئازادی‌و دیموكراسی به‌م جۆره‌ كاراساتانه‌ ناوه‌ستێ. هه‌روه‌ك له‌ پاكستان ئه‌م ڕه‌وته‌ به‌ كوده‌تای زیائولحه‌ق له‌ دژی زولفه‌قار عه‌لی بوتۆو ئێعدامی ئه‌و كه‌سایه‌تییه‌ خۆشه‌ویسته‌ی پاكستان بنه‌بڕ نه‌بووو ساڵانێك دواتر به‌ ته‌وژمتر سه‌ری هه‌ڵدایه‌وه‌.

(بۆ ئه‌م بابه‌ته‌ سوود له‌ وتارێكی خانمی شكوه‌ میرزادگی وه‌رگیراوه‌)


GETTY IMAGES

---

## له‌ روانگه‌ی فینلاندیه‌كانه‌وه

## ئێران یه‌كێک له‌ مه‌ترسیه‌كانی داهاتووی جیهانه




**وه‌رگێرانی: ئه‌ییوب سووری**

زۆرینه‌ی خه‌لكی فینله‌ند له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن كه‌ هه‌لومه‌رجی دنیا به‌ره‌و نائه‌منی ده‌روات و داهاتوو له‌ ئێستا نائه‌منتر ده‌بێت.

به‌شی هه‌ره‌زۆری خه‌لكی ئه‌م ولاته‌ پێیانوایه‌ هه‌ر ئان و ساتێك له‌ سوچێكی دنیا چاوه‌ڕوانی كاره‌ساتی هاوشێوه‌ی كاره‌ساته‌ تیرۆریستیه‌كه‌ی ١١ی سێپتامبر ده‌كرێ. وێڕای ئه‌وه‌ش وه‌ك كێشه‌ی زۆر گه‌وره‌، په‌نجه‌ بۆ كاره‌ساته‌ سروشتیه‌كان و گۆڕانی هه‌واو برسیه‌تی و هه‌ژاری راده‌كێشن. ئه‌و ئاكامه‌ له‌ راپرسیه‌كدا ده‌ركه‌وت كه‌ رۆژنامه‌ی هێلسینگین سانۆمات له‌ مانگه‌كانی ١١ و ١٢دا ئه‌نجامی داوه‌.

هه‌رچه‌ند ئاكامی ئه‌و راپرسیه‌ وێنه‌یه‌كی تاریک له‌ داهاتوو پێشان ده‌دات، به‌لام نیوه‌ی فینلاندیه‌كان له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن كه‌ سیاسه‌تی ئێستای نێونه‌ته‌وه‌یی له‌ دۆخێكی ئه‌من دایه‌. دوو له‌ پێنجی فینله‌ندیه‌كان دونیای ئیستا به‌ نائه‌من یان به‌ته‌واوی به‌ نائه‌من ده‌زانن.

ئه‌م راپرسیه‌ ده‌سه‌لمێنێ ئه‌وانه‌ی خوێندنی بالاتریان هه‌یه‌ یان راده‌ی داهاتیان له‌سه‌ره‌وه‌تره‌ باوه‌ڕێكی پتریان به‌ ئه‌مین بوونی دنیا هه‌یه‌. ئه‌وانه‌ی خانه‌نشین بوون نیوه‌یان سیاسه‌تی ئێستا به‌ هه‌ڵه‌ و هه‌لومه‌رجی دنیا به‌ نائه‌من ده‌زانن .

ته‌نیا یه‌ك له‌ ده‌ی فینله‌ندیه‌كان ئاوات بۆ داهاتووی ده‌خوازن. یه‌ك له‌ سێی فینله‌ندیه‌كان پێیان وایه‌ كه‌، هه‌لومه‌رجی ئه‌منی دونیا وه‌ك ئێستا ده‌مێنێته‌وه‌. پتر له‌ نیوه‌یان واته‌ ٥٣% وا بیر ده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ هه‌لومه‌رجی دونیا به‌ره‌و خراپتر بوون و نائه‌من بوون ده‌روات. ژنان هه‌م له‌ بابه‌ت هه‌لومه‌رجی ئێستاو هه‌م له‌ بابه‌ت داهاتووه‌وه‌ وێنه‌یه‌كی تاریكتر له‌ دنیا دێننه‌ به‌رچاوی خۆیان و سه‌باره‌ت به‌ باری ئه‌منیی دنیای ئێستا و داهاتو، له‌ پیاوان نائومێدترن.

له‌ دوای كاره‌ساته‌ خوێنیاویه‌كه‌ی سێپتامبری ٢٠٠١دا، ئیسلامیه‌ توندڕه‌وه‌ تیرۆریسته‌كان له‌ بالیه‌وه‌ بگره‌ تا له‌نده‌ن و مۆمباسا و مادریدیان له‌ خوێن وه‌ردا، به‌لام تا ئێستاش نه‌یانتوانیوه‌ جارێكی دیكه‌ كاره‌ساتێكی دیكه‌ی به‌ گه‌وره‌یی كاره‌ساته‌كه‌ی ١١ی سێپتامبر جێبه‌جێ بكه‌نه‌وه‌و له‌ قۆناخێك له‌ قۆناخه‌كانی جیبه‌جێ كردنه‌كه‌ی دا پێشیان پێگیراوه‌. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سێ له‌ چواری فینله‌ندیه‌كان باوه‌ڕیان وایه‌؛ دووپاتبوونه‌وه‌ی كاره‌ساته‌كه‌ی ١١ی سێپتامبر هه‌ردەم له‌ گۆشه‌یه‌كی دنیا چاوه‌ڕوان كراوه‌و وه‌ك رۆژ روونه‌ كه‌ تیرۆریستان هه‌وڵی ده‌ست وه‌شاندنی گه‌وره‌ له‌ گۆشه‌و كه‌ناره‌كانی دنیا ده‌ده‌ن.

كاتێك باس دێته‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ئاخۆ ئیسلامیه‌ توندڕه‌وه‌ تیرۆریسته‌كان ولاتی فینله‌ندیش ده‌كه‌نه‌ ئامانج و لێره‌ش ده‌ست بۆ كرده‌وه‌ی تیرۆریستی ده‌به‌ن، فینله‌ند وه‌ك جێگایه‌كی ئه‌من دێته‌ ئه‌ژمار. ته‌نیا ١٠ % له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن كه‌ تیرۆریسته‌كان له‌ فینله‌ندیش ده‌ست ده‌وه‌شێنن.

خراپترین و كاره‌ساتبارترین رووداوه‌كانی دنیا له‌ گۆڕانی هه‌واو برسیه‌تی و هه‌ژاری و رووداوه‌ سروشتیه‌كان دا ده‌بینن. له‌و راپرسیه‌دا ، له‌ رووداو و كاره‌سات و نه‌خۆشیه‌كانی وه‌ك ئایدز ، نه‌خۆشیه‌ ته‌شه‌نه‌ گره‌كانه‌وه‌ بگره‌ تا كێشه‌ی دارفور و ئه‌و كێشانه‌ی دنیا به‌ده‌ستیانه‌وه‌ ده‌نالێ ریز كرابوون و داوا له‌و كه‌سانه‌ كرابوو كاتێك كه‌ ولام ده‌ده‌نه‌وه‌، دوو له‌و كێشانه‌ی پله‌ی یه‌كه‌م و دوهه‌م له‌وانه‌ی به‌ گرینگترین كێشه‌كانی مرۆڤایه‌تیان ده‌زانن، ده‌ست نیشان بكه‌ن.

گه‌رم بوونی سروشت و هه‌ژاری به‌ شیوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی زۆرترین ده‌نگیان پێدرابوو. دوای ئه‌وانه‌ وه‌ك كێشه‌یه‌كی ناوچه‌یی، كێشه‌ی شه‌ڕی عێراق پله‌ی سێهه‌می به‌ده‌ست هێنابوو. له‌ پله‌ی چواره‌م دا كێشه‌ی ئێران بۆ ده‌ست راگه‌یشتن به‌ چه‌كی ناوكی بوو و پله‌ی پێنجه‌م، نه‌خۆشی ئایدز و دوای ئه‌وه‌ نه‌خۆشی و كێشه‌كانی تر و كێشه‌ی ئیسرائیل و فه‌له‌ستین. له‌و به‌شه‌دا پیاوان زۆر له‌ ژنان چالاكانه‌تر به‌ ته‌نگ شه‌ڕی عێراق و كێشه‌ی چه‌كی ناوكی ئێرانه‌وه‌ بوون و دژی ده‌ست راگه‌یشتنی ئێران به‌ چه‌كی ناوكی بوون .

له‌و راپرسیه‌دا، گه‌نجه‌كان زیاتر به‌ ته‌نگ گۆڕانی سروشت و گه‌رم بوونی هه‌واوه‌ بوون.

رۆژنامه‌ی Helsingin Sanomat
سه‌رچاوه‌: دێموكراته‌كانی فینلاند

---

# بڕووخێ ڕێژیمی كۆنه‌ په‌رستی كۆماری ئیسلامیی ئێران

ئەدەب و هونەر
کوردستان
adabstan24@yahoo.com
ژمارە ٤٧٧ ( ١٥ی بەفرانباری ١٣٨٦)

# ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






## حەسەن پوورخزری

١٣ی بەفرانباری ئەم ساڵ ٢٠ ساڵی تەواو بە سەر ئەو رۆژە دا رابرد کە پێشمەرگەی هونەرمەندحەسەن پوور خزری ئەندامی کۆڕی هونەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆمبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە لایەن فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە گیانی لە دەست دا.

٢٠سال لەمەوبە راست لەم کاتە دا کە ئەم دێڕانەی تێدا دەنووسم چەند فڕۆکەی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر بنکەی دفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەو نیازە کە زەبرێکی قورس لە رێبەری ئەو حیزبە لە بەرەبەری هەشتەمین گۆنگرەی دا بوەشێنن. ئەگەر چی ئەم نیازە چەپەڵەیان بۆ جێبەجێ نەبوو بەڵام توانیان گیانی هونەرمەندێکی پێشمەرگە بستێنن کە دەنگە خۆش‌و بلاوێنەکەی و سرووده شورشگێرانانەو گۆرانی یە خۆشەکانی، پێشمەرگەکانی کوردستان‌و رۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتەکەی بۆ خۆڕاگری دژی ستەمی دیکتاتوری‌و هەلمەت بردن بۆسەر پەلاماردەرانی کوردستان هان دەدا.

یەکەم جار لە کۆتایی‌یەکانی ١٣٦٠ دا لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەغەدە، بۆ پێشکش کردنی بەرنامەیەکی هونەری (سروود، کۆرانی‌و شانۆ) بۆ شاری شنۆی ئازادو بەدوور لەدەسەڵاتی جەهەننەمی کۆماری ئیسلامی هاتبوون کە چاوم پێی کەوت خەڵکی قەڵاتانی سندووسی سەروو بوو. ساڵی ١٣٣٣ لە یونسلیان (گوندێکی دیکەی ئەم ناوچەیە) لە دایك ببوو. ناوی باوکیم "رەحمان خۆڵچین"ی لە بابم بیستبوو و دەمزانی لە سەر دەمی ئیجباری (سەربازی)یەوە دۆست‌و برادەرن. سەرئەنجام ئێمەی کوڕی ئەو دوو باوکەش لە رەشەمەی ١٣٦٠، ئەو کاتەی وەك بەر پرسی یەکیەتی لاوانی دێموکرات لە نەغەدە دەست بە کار بووم ، بووین بە دۆست‌و برادەر. حەسەن ئەندامی بەڕێوەبەریی شارستانی یەکیەتیی لاوان لە نەغەدە بوو . زۆر زوو هەستم کرد کە لە نێو لاوەکانی ناوچەکانی سندووس‌و لاجان دا زۆر خۆشەویستە. هۆی ئەم خۆشەویستی‌یەش سادەو خۆمانە بوونی لەگەڵ لاوەکان‌و بەهرە هۆنەرییەکەی بوو. دواتر هەر بەبۆنەی دەنگخۆشی‌و بەهرە هۆنەرییەکەی لە کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرسایەوە. بە زوویی حەسەن بوو بە گۆرانیبێژێکی دیارو سروودبێژێکی هەست بزوێن. لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی ئەو کۆڕەدا بنکەکانی پێشمەرگەیان لەم سەر تا ئەو سەری سنوورەکانی رۆژهەڵات‌و باشووری کوردستان بە سەر دەکردەوە. لەو چەپکە بەرهەمانە کە کۆڕ لەو بنکانەدا پێشکێشی دەکردن، حەسەن پشکی شێری بەر کەوتبوو. چونکە جگە لە سروودو گۆرانی لە شانۆ گەرییەکانیش دا رۆڵی دەگرتە ئەستۆ. ئەو نەك هەر لە نێو پێشمەرگەکانی کوردستان لە سۆما برادۆست‌و مەرگەوەڕەوە تادەگاتە هەورامان‌و دالاهۆ، بە ڵکوو لە نێو هەزاران بنەماڵەی پەنابەری کوردی رۆژهەڵات جێگیر لە کەمپی "التاش"یش دا ببووە ناو و سیمایەکی ئاشنا. لە رێگای رادیوی دەنگی کوردستانەوە و هەروەها ئەو کاسێتانەی کە کۆری هۆنەری لە بەرهەمەکانی ئەو کۆرەدا بڵاوی دەکردنەوە، دەنگی سەری بە ماڵ بە ماڵی شارو گوندەکانی کوردستان دا کردبوو.

هاوینی ١٣٦٦ کۆڕی هونەری‌و یەکیەتیی لاوان بوون بە دراوسێ‌و هاوکاری نزیکی یەکتر. حەسەن کە ساڵێك پێشتر لەگەڵ خاتوو حەلیمەی ئیسماعیلی کادری دەرمانیی حیزب ژیانی هاوبەشی پێك هێنابوو بە کورپەیەکی یەك دوو مانگەوە بە ناوی ئاکام لە بن پیرەدار گوێزەکەی سەرکانیی دۆڵی "ئەستێرۆکان" گیرسایەوەو بە دارو شووڵ‌و گیای ئەم شیوو دۆڵە کەپرێکی ساز کرد. پێم وایە مارو دووپشك‌و دووکلکەو تەپۆی ئەم ناوەش دڵیان نەدەهات ئازارێك بەو سێ فریشەیەی نێو ئەو گیاوزەمەندە بکەیەنن بۆیە هەتا سێ مانگ دواتر چوونە نێو ماڵە سادەو پێشمەرگانەکەیان، هەرسڵامەت بوون.

١٠ی بە فرانباری ١٣٦٦ بوو. لە جێژن‌و شادیی زەماوەندی من‌و کوێستان دا حەسەن یەك لەو کەسانە بوو کە جێگای براو کەس‌وکاری لەم بۆنەیەدا بۆ پڕ کردبوومەوە. وەك هەمیشە دەم بە بزەو روحسووکانە دەهات‌و دەچوو، هەڵدەپەڕی، کاری دەکرد، جاروبار شتێکی بەگوێدا دەچپاندم و... دو جار پێکەوە وێنەیەکی یادگاریمان گرت. من چووزانم ئەمە دەبێتە دوایین وێنەی ئەم هاوڕێیەم و سێ رۆژی تر لەشی بە پڕیشکی بۆمبەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵتانی خوێن دەبێ. دیمەنی ئەو ساتەی حەلیم باوەشی بە تەرمەکەیدا کردبوو هەروا لە بەر چاومە. هەروەها ئەو ساتەی دوکتور قاسملووی رەحمەتی بۆ سەرەخۆشی هاتە ماڵە شێواوەکەیان‌و حەلیمی رەشپۆش دەستەملانی ببوو.....ئەو ساتەش کە حەلیم‌و ئاکام بە هەناسە ساردی، نیگەرانی‌و چاوی پڕ فرمێسك ماڵاوایيان لێ کردین‌و بێ حەسەن چوونەوە ئێران.

ئێستا ئاکام بووە بە لاوێکی پێگەیشتوو، حەلیم ژیانێکی نوێی دەست پێ کردۆتەوەو، حەسەنیش ئەگەرچی بە جەستە لە نێومان دا نیە، بەڵام ناو و یادی وەك هۆنەرەکەی لە دڵ‌و یادی ئێمە خۆشەویستانی‌دا بە نەمری ماوەتەوە.

# ساردو گەرم

## تەنزی (ساردو گەرم) لە کتێبی کەرێکی سەرخۆش

مەنسوور دەروێش زادە



لە یەکەم رۆژەکانی دەستبەسەر بوونم تۆبەیان پێکردم کە ئیتر داوای ئەم مافانە نەکەم

١ـ بە زمانی کوردی نەخوێنم‌و نەنووسم.

٢ـ کورد مافی خۆپالاوتنی بۆ پۆستەکانی سەرۆك کۆمار یان سەرۆك وەزیران نەبێ.

٣ـ مافی نووسینی چارەی خۆمم نەبێ.

٤ـ تا دوایین هەناسەی ژیانم داوای دێموکراسی بۆ ئێران نەکەم‌و تەنانەت لە دڵی خۆشمدا بیر لە خودموختاری کوردان نەکەمەوە.

٥ـ تا ئەو رۆژەی دەمرم خزمەتکاری فارس‌و تورك‌و عەرەب بم کە مردیشم بە خزمەتکاری بمرم‌و لە دونیای دیکەش بۆ خزمەتی ئەوان هەستمەوە.

ئیتر بە قەبوڵکردنی ئەومەرجانە لە لایەن منەوە دادوەری‌دادگا دوو کەسیەکەمان (بەس من بووم‌و مەلایەك) بەزەیی بە مندا هات‌و بەتاوانی نووسینی چەند درووشم لە سەر دیواری ماڵان‌و بەشداری لە چەند خۆپێشاندان رێك (٤) ساڵی زیندان بۆ بڕیمەوە. ئەو کات (١٩) ساڵم تەمەن بوو ئیتر بە وردی تێگەیشتم گەنجێتیم "فت". لە گەرمەی شەڕی میرات (کۆماری ئیسلامی ـ سەدام) بەندیخانە شوێنێکی زۆر ناخۆشیش نەبوو، بڕواتان بێ لە شەڕ نەترسام ناوی چەمێك "ئەروەند بێ کاروون بێ یان شەت‌و لعەرەب" بە من چی.

ناوی هۆو کەنداوە "فارس"ە یان "عەرەبی" بە من چی.

سێ دوورگە هی ئیماراتە، عێراقە یان ئێران بە منی کورد چی.

لە بەندیخانەدا دڵخۆشیی خۆمم دەداوەو دەمگوت تا چوار ساڵ زیندانەکەی من تەواو دەبێ دوو بەرەی شەڕکەر یان پێك دێن یان بە یەکەوە تێك دەشکێن یان یەکیان بە سەر ئەوی دیکەیاندا سەردەکەوێ‌و کۆتایی بە شەڕ دێت‌ومن دەتوانم ماڵ‌ومناڵ بە یەکەوە بنێم‌و لە کەش‌و هەوایەکی سەر شۆڕانەدا دەمێکیش بۆ خۆم بژیم.

لەم خەیاڵانە دابووم لە بڵیند گۆی هۆڵی ژمارە (١٥)ی زیندانی گەورەی پارێزگای "ورمێ" کە تایبەت بە ئەندام‌و لایەنگری حیزبی دێموکرات بوو ناوم خوێندراوە، لە (٣٠٠) زیندانیی ئەم هۆڵە پێنج کەسمان جیا کراینەوەو گوازراینەوە بۆ هۆڵی ژمارە (١٣).

هۆڵی ژمارە (١٣) چکۆڵە بوو (٨٠) زیندانیەکی لێ بوون ، زۆربەیان ئەندام‌و لایەنگری رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق بوون تاك‌و تووکیش لایەنگری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان‌و چەند مارکسیستی حیزبی "تودە"شیان تێکەڵ کردبوون.

ئەوکات هاوینی (١٣٦٧ ـ ١٩٨٨) بوو من دەوری چوار ساڵی زیندانم تەواو کردبووو چاوەڕوانی ئازادیم دەکرد.

لەناکاو تەلەفیزیۆنەکان کۆ کرانەوە، نیگاهبانەکان بوونە دوو بەرابەر، بە هیچ شێوەیەك رێگا بە بنەماڵەکان نەدەدرا چاویان بە زیندانیەکان بکەوێ، هیچ رێگایەك بۆ پەیوەندی لە گەڵ دونیای دەرەوە نەما.

دوایی زانیمان بە هۆی رێککەوتنی موجاهیدینی خەڵق‌و سەدام‌و هێرشی موجاهیدین بۆ سەر پارێزگای کرماشان بە پاڵپشتی فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراقی‌و تێکشکانی یەك لە دوای یەکی هێزەکانی ئیسلام کەش‌و هەوای ناو زیندانەکانی ئێران رۆژ بە رۆژ زۆرتر بەرەو قۆڕ بوون دەچوو، باس لەوە دەکرا لە چەند رۆژی داهاتوودا عەسکەری عێراقی‌و میلیشیای موجاهید بگەنە "تاران".

ئیتر حکومەتی ئیسلامی تاران وروژاو کەوتە تێهەڵدانی نەیارەکان‌و کوشت‌و بڕی زیندانیەکان بەتایبەت ئەو زیندانیانەی سەر بە رێکخراوی موجاهیدین بوون.

هەرچەند حیزبەکەی ئێمە لە شەڕی کرماشان لە گەڵ موجاهیدین‌و سەدام رێك نەکەوتبوو بەڵام یەك یەك‌و دوو دوو دێموکراتەکانیشیان بەرەو مەیدانی گوللەباران دەبرد، لەم دۆخەدا کورد گوتەنی "کەڵ بە موو بەند بوو" پیاوم دەویست بڵێ من هەم، ئەو مارکسیستانەی لە تەمەنیاندا سەریان بۆ فەرزی خوا دانەنواندبووو خۆیان لە مارکس‌و لەنین بە کۆمۆنیست تر دەزانی بە کۆڵەکەی مزگەوتی زیندانەوە نووسابوون‌و نێو چاوانیان لە سەر بەردەمۆر هەڵنەدەگرت‌و نەك بە رۆژ بەڵکوو بە هەفتە بەرۆژوو دەبوون‌ولەم جومعەیە بۆ جومعەکەی دیکە هیچیان نەدەخواردو دوای نوێژی جومعە بە خورمایەك رۆژۆکەیان دەشکاندو بە تەسبێحی هەزارو یەك دەنکی تەلیلەیان دەکرد.

ئەو رۆژەی کە لێی دەترسام گەیشت، کاتژمێر (١٠)ی شەو لە بڵیند گۆی هۆڵی ژمارە (١٣) ناوم خوێندراوە.

ئەو کات هەر کەسێك لە بڵیند گۆی هۆڵەکانەوە ناوی خوێندراباوە چارەنووسی دیاربوو بەڵام لە بەدبەختی‌یانم کاتژمێر (١٠)ی شەو ناوی منیان خوێندەوەو کەسیشم لە گەڵ نیە، ئیتر ترسەکەم ببوو بە سەد بەرابەر.

وەك هەموو گوللە بارانکراوەکانی پێش خۆم کەسێکم کردە سەر وەسیەت تا نێو ماڵی زیندانم بە سەر زیندانیە بێکەس‌و هەژارەکاندا دابەش بکا.

زیندانیەکانی هۆڵی ژمارە (١٣٩ بە شێوەی ئۆتۆماتیك بۆ بەڕێ کردنم بەرەو مەیدانی گوللە باران لە دوو ریزدا راوەستان‌و من بە نێویاندا بە ماچی دوایی ماڵاوایيم لێدەکردن، وەك مەنجەڵێك ئارەقی رووسیم بە گەرمی خواردبێتەوە مێشکم سڕو بەرچاوەکانم لێڵ‌و زمانم لاڵ ببوون، لەم دۆخە نالەبارەدا کاك ئەمیر ئەفشار ناوێك کە خزمایەتیەکی نزیکی لە گەڵ پێشەوا قازی هەبووو لە چەند دەورەی دەسەڵاتە جیاجیاکانی ئێراندا زیندانی بینیبوو بە گوێچەمدا چرپاندی‌و داوای لێکردم دژ بە کۆماری ئیسلامی درووشم بدەم، هێندەش نەترسێم‌و پیاوانە بەرەو پیری‌مەرگ بڕۆم، ئەم ئاواڵ حیزبیەی من لە منی رادەدیت بۆیە داوای ئەو کارەی لێدەکردم تا لە دوارۆژدا حیزبەکەمانی پێهەڵ بکێشێ‌و داستانم لەسەر بنووسێ.

خۆم پێم خۆش بوو پیاوانەو بە سینگێکی بەرفراوان بەرەو پیری مەرگ برۆم بەڵام خۆ بە زۆر نیە لەم کاتەدا مێشکی من درووشمی بۆ رێك نەدەخرا، زمانم لە زارمدا وەك کەشك سوێرو رەق ببووو ژێیەکانی دەنگ لە نێو گەروومدا وەك تۆڕی ماسی گرێکی تازەکار تێکهاڵابوون، کەچی کاك ئەمیر ئەفشار لە دۆخێکی ئاوادا داوای داستانێکی حیماسی لە من دەکرد.

من تازە خۆمم ناسیوە، تازە دونیام ناسیوە، یەك ملیۆن ئارەزووی تەڕو وشکم هەیە بۆ دەبێ تووشی چارەنووسێکی ئاوا بم؟ من چیم کردووە یان چم ویستووە کە بە گوللە وڵامم دەدەنەوە؟ ئایا ئەوانەی بەر لە من بۆ تیرباران لە بلیند گۆی هۆلەکانەوە ناویان خوێندراوەتەوە وەك من ترسنۆك بوون؟ هەی لەعنەت لە خۆم‌و لە غیرەتی لاوازم.

لە کاتی ماڵاوایی لە زیندانیە رەنگ زەردەکانی هۆڵی ژمارە (١٣) بیرم لە قسەکانی کاك ئەمیر ئەفشار دەکردەوەو بە ئارامی غیرەت دەگەڕاوە دەرووونم، ئیتر لە ئەرشیفی مێشکم دا بۆ درووشمێکی گونجاو لە گەڵ ئەم دۆخە دەگەرام، یەکە یەکە لێکمدەدانەوە...

بژی دێموکرات... نا، دروشمەکەی من ئەبێ گشتی بێ، هۆڵی (١٣) هەم ئەندامی کۆمەڵەی تێدا هەم موجاهیدو هەمیش شیوعییە فرە هێڵەکان،،، بڕوخێ کۆماری ئیسلامی... نا، بەر لە هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی لە کاتی خۆپێشاندانەکانی دژی شای ئێران وەك برێشکەی سەرسێڵ هەڵدەبەزیمەوەو دەمگوت

:ـ بروخێ کۆشکی پاشایەتی.کۆشکەکان رووخان‌و شاو شاپەرستەکانیش بە دۆڵێدا،،، بەڵام هەزار رەحمەت لە کفن دزەکەی پێشوو،،، بژی ئازادی... ئەمە دروشمێکی رێك‌و پێك‌و گونجاوە، ئیتر خۆمم بۆ گوتنی ئامادە دەکرد، لە دەرکە چکۆلەکەی هۆڵی ژمارە (١٣) کە لە نهۆمی دووهەم بوو تا دەرگە گەورەکەی خوارێ (١٥) یان (٢٠) پلیکانێك دەهاتیە خوارێ، شەوانە کەس مافی هاتن بۆ سەر ئەم پلیکانەی نەبوو ئیتر دەرکە چکۆلەکەم پێوەداو لە پلیکان هاتمە خوارو گەیشتمە دەرکە گەورەکە کە لە پشتەوەڕا قفڵ درابوو، لە دەرکەمدا دڵنیابووم لە پشت دەرکە چەند پاسدار چاوەڕوانیم دەکەن، دەرکە کراوەو غیرەت هاتە بەرم چاوم نووقاندو یەك بە خۆم نەڕاندم، بژی.. زیندانیەکان گوێیان لێ ببوو بەڵام نەیاندەزانی ئەم "بژی"یە بۆچی یان بۆ کێیە چوونکە بە بینینی ساردو گەرمێکی ئاشنا لە سەر مێزی نیگەهبانی خەواڵوو کە بە باوێشکان زاری داپچڕیبوو وەبیرم هاتەوە برادەرێکی "بۆکان"یم لە هۆڵی (١٥)وە بۆ منی ناردۆتەوە، ئەو برادەرەم ساردو گەرمەکەی خۆی شکاندبووو ئەو دەم کە من لە هۆڵی ژمارە (١٥٩ بووم ساردو گەرمێکی زیادیم هەبووو بەقەرز پێم دابوو، نیگاهبانەکە بە رەگەز تورك بووو لە وشەی "بژی" نەدەگەیشت‌و بە سەر سورماوی سەیری منی دەکرد بە زمانی تورکی هۆی درەنگ هاتنە خوارەوەمی پرسی، من وڵامێکم نەبوو ئەویش ساردو گەرمەکەی دایە دەستم‌و بە باوێشکەوە گوتیـ ئەو ساردو گەرمەیان بۆ ناردووی دەزووبە ئەستۆت بشکێنەو بگەرێوە سەرێ کە چراکان دەکوژێنینەوە با ئێمەش ئیستراحەتێکی بکەین.

ئیتر تێگەیشتم لە سەرەتاوە بە هەڵە داچووبووم‌و بۆ وەرگرتنی ئەم "ساردو گەرم"ە بانگ کرابووم، لە دوای وەرگرتنی ساردو گەرمە نەگریسەکە نیگەهبانی تورك دەرگای لە سەرم داخست، لە پشت دەرکەی قفڵدراو بە تەواوی هێزی خۆم ساردو گەرمەکەم بە عەرزدا کێشاو وردوقاشم کرد بە دەنگی شکانی ساردو گەرم نیگەهبان دەرکەی کردەوەو بە بینینی ساردو گەرمە شکاوەکە بە تورکی پێی گووتم: هەی داوەشێی کە ساردو گەرمێکت بۆ هەڵ نەگیرا، دەیهەوێ مافی کوردانیش بستێنێ ! ! !

لە دوای تێگرتنی ئەم تەوس‌وتوانجەدەرکەکەی داخستەوە.

لە ژێر ساردو گەرمەکە کاغەزێکی گلۆڵە کراوم بینی کە بە زۆر تێیان ئاخنیبوو کاغەزەکەم دەرهێناو لێکم کردەوە، دەست‌و خەتی برادەرە بۆکانیەکەم بوو، لە کاغەزە گلۆڵە کراوەکەدا نووسیبووی "بژی ئازادی"



# سەری ساڵ

ئەمشەو جەژنی سەری ساڵە لێم ببورە کە نەمتوانی
دیارییەکت بۆ بنێرم وەك خۆت هەیبێ سیحری جوانی
بۆ ئەم جەژنی سەری ساڵە کام دیاری لای تۆ پەسندە
رووحی خۆمت بۆ بنێرم یا شێعرێکی لێوبەخەندە
ئەی چی ئەڵێی ملوانکەیەك لە شێعری ئاڵ بنێرم بۆت
بۆ ئەوەی منیش دڵ شاد بم جارێ بیکەرە ملی خۆت
حەزم وایە بۆ ئەم جەژنە هەموو عومرم پیرۆز بێ لێت
بەڵام ئەترسم پێم بڵێی من دیاری وەرناگرم لە شێت

# جا چۆن شەوم خۆش نەوێو نەی پەرستم

بێبەش

شەو بوو هەستی هێنایە ژوانم کە زانی خۆش‌و سەرمەستم قەڵەمێکی وەك رەنگی خۆی دایە دەستم. دەستی گرتم‌و پێی نووسیم. منیش کوردم، ئەمەگناسم، پەسنی شەودەکەم‌وڕێز لە باڵا بەرز ترینەکەی شەوی یەڵدادەگرم. نەك تەنیا بۆ وەی کە شەوە، نا، هەیاران! بەڵکوو تکایە گوێم بۆراگرن:

ئەو بیرانەی لە کۆنی دا بۆگەنیون شەو پەرست نین. ئەوان دژی روونی‌و رۆژو خۆشی‌و شادی‌و جوانی‌و شەون.

شەو نەبێ شەم بایەخی لە کوێ دایە؟ کە شەو نەبێ مانگ بەو جوانیە قەت هەڵنایە.

شەو زولفی خاوی کیژە وەحشییەکەی سرووشتەو بە هەناسەی کاکە مەمان دەشەکێتەوە.

شەو، دەریایەکی بێنەو ماسی‌یە جل پر لە ورشەکان، عاشقەکان لە ئامێزی هەورینی دا شیرینترین دیاری‌ئەوینی یەزدانی، وردە ماچان بە یەك دەدەن.



شەو، شەرابێکی کۆن کۆنەو بە چزیکێك شاعیر سەرمەست‌و خۆش دەکا.

شەوو شەم‌و شێعرو شەراب یەك دەگرن‌و "خەییام"و "هێمن" دێنەدی.

کە شەو بەرزو بەرزتر بوو، بوو بە یەڵدا، چ مەحشەرێ بەرپا دەبێ؟ لە ئامێزی سرووشتی جوانی کوردستان، سرووشتی‌یە مانگێك هەڵدێ لە گۆی زەوی‌و وێنەی کەم بێ.

لە باوەشی یەڵدای جوان دا مانگێك هەڵهات، یەڵدای وەك پێشمەرگایم سەربەرز کرد.

یەڵدا هەناسەی مەمانی گەرمتر کرد

یەڵدا ماسی‌یە عاشقەکانی لە ئەستاندنی دیاری ئەوینی یەزدانی زۆر سوورتر کرد.

یەڵدا شووشێك شەرابی کۆن کۆنی هەزار ساڵەی قومقوم، بە قورگی شاعیران داکرد.ئەو جار یەڵدا جوانی‌و روونی‌و گەشی‌و بەرزی پڕ بە باڵای کوردستانی کردە قاسملووی رێبەرو بە کوردی دا.

چ شەوێکی درێژو دڵ پر گەوهەرە شەوی یەڵدا.

بۆ منی سەرمەستی شەراب سێ گەوهەری پێیە ئەمشەو. شەرابی شێعرو نووری رێبەرو ئەوینی دڵبەر.

شێعرەکەم، رێبەرەکەم، دڵبەرەکەم! ئەم شەوەو هەر شەوتان شادو شیرین بێ. ئەم شەو نەك هەر خەوم نایە، لە ناخمدا پێ دەکەنم، پێ دەکەنم، پێ دەکەنم بەوانەی وایێیان وایە رووناکی‌یەك بن بڕ دەکەن، درێژترین شەوی ساڵی لە گەڵ هەر تۆزقاڵێ رەنگی رووناك‌و رووناکترو رووناکترینی کردوە. وا پێیان وایە رووناکی‌یەك لە نێو دەچێ کە بۆ ئەبەد لە نێو دڵی شەوو شێعرو سروودی نیشتمانی ماسی‌یە ئەویندارەکان دا جێی گرتوە.

بەڵێ یاران پێ دەکەنم بەو بیرانەی لە کۆنی دا بۆگەنیون.

پی دەکەنم لە شادی ئەم شەوە سێ گەوهەری لە دڵدایە. شەرابی شێعرو نووری رێبەرو ئەوینی دڵبەر. شێعرەکەم، رێبەرەکەم، دڵبەرەکەم،

**یەڵدا پیرۆز بێ لێتان.**
**١٣٨٦/٩/٢٨**

# ناودارانی ئەدەبیات

**و: ئازاد شێخی**



**بایرۆن ـ لورد ١٨٢٦ ـ ١٧٨٨**

جۆرج گۆردون بایرۆن شاعیرێکی بریتانیایەوە لە مانگی ژانویەی ١٧٨٨ لە شاری لەندەن لە دایك بووە بە رەگەز فەرانسەوی‌یەو دایکی بەخێوی کردوە، لە تەمەنی سێزدە ساڵی‌دا ناردوویانەتە قوتابخانەی (هارۆ) چوار ساڵ دواتر چۆتە کمبریج لە تەمەنی نۆزدە ساڵەیی‌دا یەکەمین کۆمەڵە شێعری خۆی بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناوی ؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەم کۆمەڵە شێعرە سەرنجی رەخنەگرانی بۆلای خۆی راکێشا، کۆمەڵێکیش بە توندی دژی وەستان‌و بەرهەڵستیان کرد. بایرۆن بە نیشانەی کۆڵنەدان هەجوێکی بەناوبانگی بە ناوی گۆرانی بێژانی ئینگلیسی‌و رەخنەگرانی سکاتلندی داناو کوتوپڕ بەرەو رۆژهەڵات وەرێ کەوت. لە کاتی گەرانەوەی بۆ بریتانیا چەپکە شێعرێکی نوێ کەلە سەفەرەکەی‌دا وەك دیاری هێنابوونیەوە، لە ماوەیەکی کورت دا بوون بە هۆی ناسیاویی ئەو. لە ساڵی ١٨١٢ تا ١٨١٥ "گیائور دەزگیرانی ئابید"و چەند بەرهەمێکی دیکەی بەرهەمهێنا.

هەموو ئەو بەرهەمانەی رەنگ‌و بۆی رۆژهەڵاتیان هەبوو، شێعرەکانی زۆرتر لایەنی (میلوداراماتیك)یان هەیە. لە ساڵی ١٨١٥ لە تەمەنی ٢٧ ساڵی‌دا لەگەڵ ژنێك بە ناوی میلیانك ژیانی هاوسەریی پێك هێنا، بەڵام ئەم ژنە ساڵێك دواتر ژیانی هاوبەشیانی کۆتایی پێهێنا. کۆتایی خەفەتباری ئەم ژیانە هاوبەشەیان ئەوەندە رق‌و بێزاریی خەڵکی لێکەوتەوە کە بە ناچار بایرۆن وڵاتەکەی خۆی بەجێ هێشت‌و سوێندی خوارد هیچکات نەگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتە. پاش چوون بۆ بروکسێل دواتر چووە سویس لەوەێ (زیندانی شیلان)ی نووسی کە یەکێکە لە شاکارە شێعرەکانی بایرۆن. هەر لەو سەردەمەدا دوا بەدوای یەك بەرهەمی نوێی هەبووە.

لە ساڵەکانی ١٨٢١ تا ١٨٢٣ کۆمەڵێك کاری نوێی بەرهەمهێنا. لە ساڵی ١٨٢٤ دا دوایین بەرهەمی خۆی کە نیوە ئوتوبیوگرافی‌یە بڵاوکردەوە. کاتێك ئازادیخوازانی یونان بۆ پچرانی زنجیرەکانی یەخسیریی دەوڵەتی عوسمانی داوای هاوکاریان لە خەڵکی ئازادیخوازی جیهان کرد، بایرۆن کە شاعیرێکی ئازادیخواز بوو دەستبەجێ وەڵامی داخوازەکەیانی دایەوەو بەربەرەکانی چووو هەر لەوێ کوژرا. کاریگەریی حاشا هەڵنەگری ئەو لە سەر شاعیرەکانی ئورووپا بە تایبەت شاعیرەکانی رووسیە، بوو بەهۆی بەرهەم هاتنی کۆمەڵێك بەرهەمی ناوازە. ئێستە بایرۆن لە دەرەوەی بریتانیا ناسراوترە تا ناوخۆی بریتانیا.




# سینەمای خۆف (٥)

## ئەوانیتر

**کاتێك کە ئەرواح و شەیاتین هاودەست دەبن**

**ئەوانیتریش دێنەوە بەر حوزوور**

**نووسینی: ناسر رەسووڵی**

هەروەك لە ژمارەی پێشوو دا باسمان کردبوو لەم ژمارەیە دا باسێك لە فیلمی "ئەوانی‌تر"(دیگران) لە دەرهێنانی "ئالێخاندرۆ ئامێنابار" دەکەین.

ئەوانیتر بە دەورگێرانی نیکۆل کیدمەن و ٢ منداڵ کە لە ماڵێکی گەورە لە دەرەوەی شار دا دەژین و کیدمەن لەم فیلمە دا تا کۆتایی چاوەروانی هاتنەوەی مێردەکەی دەکات کە پێشتر ئاگادار کراوەتەوە لە شەری دووهەمی جیهانی دا کوژراوە. منداڵەکانی ئەو بێوەژنە بەردەوام لە لایەن دایکیانەوە لە ژێر چاوەدێری دان کە نەکات تیشکی دەرەوەیان لێبکەوێت بە هۆی ئەوەی کە دایکیان پێی وایە ئەوکاتە منداڵە نەخۆشەکانی گیانیان دەردەچێت. دواتر ٣ کەس (پیرێژنێك، پیرەمێردێك و کچێکی لاوی کەڕو لاڵ) دێنە ماڵی ئەو بێوەژنەو وەك قەرەواش کار دەکەن لەو ماڵەدا. کچی کیدمەن هەموو کات بە دایکی دەڵێ کە لە ماڵی خۆیان دا رووحی منداڵێك دەبینێت، بەڵام دایکی باوەڕی پێ ناکات تا...

منداڵەکانی کیدمەن بە دزیی دایکیانەوە دەچنە حەوشەی ماڵی خۆیان(ویلا) و لەوێندەر گۆڕستانێکی گچکە دەبینن و ناوەکانی سەر گۆڕەکان دەخوێننەوە. لەولا...

کیدمەن خەریکی دیتنی ئالبۆمێکە کە وێنەی تەواوەتی مردووەکانی تایەفەو بنەماڵەی خۆی و مێردەکەی تێدایە.. منداڵەکان لە سەر چەند قەبر ناوی خۆیان و دایکیان و باوکیان و ئەو ٣ قەرەواشەی خۆیان دەبینن...کیدمەن لە ئەلبۆمەکەدا وێنەی خۆی و منداڵەکانی ومێردەکەی و قەرەواشەکانی دەبینێ. دەردەکەوێ کە ئەوانە لە رووحی عاسیی خۆیان زیاتر هیچی دی نین. کیدمەن وەبیری دێتەوە کە دوای ئاگاداربوونەوە لە کوژرانی مێردەکەی حاڵەتێکی رەوانی گرتوە و خۆی و ٢ منداڵەکەی لەو ماڵەدا خنکاندووە.

کیدمەن لە هەوڵی دیتنەوەی منداڵەکانی لەو قەسرە دایە و منداڵەکانیش لە هەوڵی چوونەوە ژورێ دان کە ٣ رووحە عاسیەکەی دیکە دێنە کایەوە و پێش بە بەیەك گەیشتنەوەی ئەو دایك و منداڵانە دەگرن، هەڵبەت ئەوان هیچیان لە رووح زیاتر هیچی دی نین.

لەکۆتایی دا...کوڕێکی چووکە لە گەڵ بنەماڵەکەی لەسەر نانخواردنی بەیانی دانیشتوون. کوڕەکە دەڵێ: دایە من بە دەیان جارم کچێکی هاوتەمەنی خۆم و براکەی و دایکی و ٣ کەسی دیکە لەو ماڵە دا دیتوە تەنانەت ئەم شەو هاتبوونە حەوشەی قەسر و بەیەکەوە شەڕیان دەکرد. ئەو ماڵە رووحی تێدایە با لێرە بڕۆین من لێیان دەترسم.

**کاتێك کە ئەرواح و شەیاتین هاودەست دەبن ئەوانیتریش دێنەوە بەر حوزور**

درێژەی هەیە...



# بەرێوەبەرانی ئێران پێیان وایە هەر ئەوان راست دەکەن !

بەشی دووهەم

وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نوورانی

ئێران کە رادەی دانیشتوانی زیاتر لە ٧٠ میلیون کەسە، بەشێکی یەکجار زۆری لە لاوەکان پێك دێ لە ناوچەیەکی گرنگی جوغرافیایی دا هەڵکەوتووەو زۆر دەوڵەمەندە. بازارێکی زۆر گەورەیەو سرنجی زۆربەی وڵاتانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. چین‌و هیندوستان زۆر تامەزۆری وەزەی نەوتی ئێرانن، لەو کاتەوە کە ئورووپا دەیەوێ ببێتە ئالترناتیوێك لە جیاتی روسیە بۆ کڕینی گازی ئێران.

بەڵام لە نێوخۆدا لەگەڵ کۆمەڵێك گیرو گرفتی نێوخۆیی بەرەورۆوویە وەك: پێشێل کرانی دێموکراسی، گەندەڵیی ئیداریی سیستمی بۆرۆکراتیك، پەرەپێدانی تیرۆر بەهۆی رێکخراوی سوپای پاسداران، پەرەپێدانی موادی موخەدیر، لە نێوبردنی کارایی‌و لێهاتووییەکان. ئێران بەو هەموو داهات‌و داراییە خوداپێداوە، بۆتە وڵاتێك کە لە خزمەتی ئەو بەشە دایە کە بۆخۆیان دەیانەوێ.

لە نێو ئێرانییەکان دا دوو بۆچوون هەیە، هێندێك پێیان وایە ئەو قسانەی ئاغای ئەحمەدینەژاد دەیانکا لە خزمەتی بەرژەوەندی وڵات دایە، هێندێکیش پێیان بەزەرەری وڵاتە. چینی هەژارو رەش‌و رووتی دێهات پشتیوانیی لێدەکەن تەنانەت بەشێك لە چینی ناوەندییش پێی وایە کە ئەو حکوومەتە توانیویەتی وەزعی وڵات باش بکا، کاری خزمەتگوزاری، تەندروستی، ئاوو کارەباو رێگاو بان باش بەرێوەبەرێ. بۆ نموونە لە چوار شاری گەورەی ناوەندیی چوار ئوستانی سەرەکی‌و هەروەها شاری تاران پرۆژەی بە دەستەوەیەو خەریکی دروست کردنی هێڵی "میترۆ"یە. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی مانگی سیپتامبری رابردوودا، پیاوەکانی سەرۆك کۆمار زۆر بە توندی شکستیان خوارد. تەنانەت لەو شوێنانەی کە ئەحمەدینەژادیان دەناسی‌و لەوێ خزمەتی کردبوو زۆر خراپتر شکستیان خوارد چونکە ئەوان دەیانزانی کە ئاغای ئەحمەدینەژاد کێیەو چۆنە .

خەڵکی ئێران لەلایەك، سەبارەت بە مەسەلەی ئابووری، بێکاری‌و گرانیی لەرادەبەدەر وەزاڵە هاتوون‌و بە ئاشکرا پرتەو بۆڵە دەکەن، لەلایەکی دیکەش لە سیاسەتەکانی ئاغای ئەحمەدینەژاد زۆر نیگەرانن چونکە زۆر قسە دەکاو قسەکانی هیچی بەسەر هیچەوە نیە. بۆ نموونە باسی کارەساتی "هولوکاست" دەکا کە هیچ پێوەندیی بە سیاسەتی ئەورۆی ئێرانەوە نیە. کاتێك ئاغای موحسین قالیباف، شارەداری تاران کە پیاوێکی کۆنسێرڤاتە لەو دواییانەدا بانگەشەی کردوە بۆ "پێداچوونەوەو خەبەر وەرگرتنی زیاتر" لە کاروباری دەرەوەی وڵات داو بەهێز کردنی سیاسەتی دەرەوەیان لەوەش دا هەم رێفورمیستە ئیدئالیستەکانی باڵی چەپو هەم رادیکاڵەکانی باڵی راست کە ئاغای ئەحمەدینەژاد نوێنەرایەتیان دەکا پێکەوە هاوڕان، پێشتر بە هاتنە سەرکاری محەممەد خاتەمی سەرۆك کۆماری پێشوو کە نوێنەرایەتیی رێفۆرمیستەکانی دەکرد، توانی تا رادەیەك وەزعی نێوخۆی وڵات بگۆڕێ، توندوتیژی‌یەکان کەم بکاتەوەو پۆلیس ئەو دڕندەییەی نەما کە ساڵانی هەوەڵی شۆڕش هەی‌بوو. توانیان تا رادەیەك بڕواو متمانە بگێڕنەوە نێو خەڵك، ئەو ترس‌و خۆفە نەما کە لە دەیەی ١٩٨٠و ١٩٩٠ لە نێو وڵات دا گەشەی کردبوو.

بەڵام بەدوای هاتنە سەرکاری ئاغای ئەحمەدینەژاد سەرکوت‌و خەفەقان‌و توندوتیژی پەرەی ئەستاند، جیابیران‌و ئەوانەی تۆزقاڵێك دژایەتیی رێژیم دەکەن بە تەواوی لە خەتەر دان، هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێ‌و لەگەڵ مەرگ رووبەڕوو دەبنەوە، بنیادگەرایانی ئیسلامی لایەنگری ئەحمەدینەژاد بەسەر وڵات دا زاڵن‌و هەموو کاروباری وڵاتیان لە دەستی خۆیان دا قەبزە کردوە. دەزگای قەزایی بە کەیفی خۆی بڕیار دەدا، دەزگاکانی پۆلیس‌و ئیتیلاعات بە ئارەزووی خۆیان خەڵك دەگرن‌و دەستبەسەریان دەکەن، رۆژنامەنووسە رێفۆرمیستەکان، ئەزیەت‌و ئازار دەدەن‌و زیندانیان دەکەن، هەر چەشنە نارەزاتییەکی خوێندکاران کرێکاران بە درندانەترین شێوە سەرکوت دەکەن. بەناوی بەربەرەکانی لەگەڵ "بدحجابی" شەپۆلێك هێرشی دڕاندانە لەلایەن هێزەکانی ئینتیزامیی رێژیم دەستی پێکردوە، بی‌حورمەتی بەو ژنانە دەکەن چونکە یاساکانی خۆداپۆشینی ئیسلامی وەبەرچاو ناگرن. هەڵسوکەوتەکانی کاربەدەستانی رێژیم بە تەواوی کاریگەریان کردۆتە سەر وڵات. زۆربەی ئێرانی‌یەکان لەگەڵ ئەو شێوە بۆچوونانە ناتەبان‌و لەبەرانبەریان دا رادەوەستن. رێگا نادەن وڵات بەرەو دوا بگێڕنەوە. چونکە بەشێکی زۆری کاربەدەستان کەسانی ناشارەزاو نامەسئوولن ئاگایان لەو دونیایە نیە پەرت‌و پەرێشانن. لەلایەکی دیکەش ئەگەرچی رێفۆرمیستەکانیش حیجابیان رەچاو دەکرد بەڵام بەلایانەوە زۆر گرنگ نەبوو. چونکە بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران لە شتی زۆرەملی‌و زۆرداری بێزارن، هەربۆیە مەسەلەی حیجابیش بە شتێکی داسەپاو دەزانن.

لە راستی‌دا زۆربەی بەرێوەبەرانی نیزام تەجرووبەو تاقیکاریەکی زۆریان لەسەر شۆڕشی ئیسلامی هەیەو دەزانن چییە. سەرەڕای دووبەرەکی‌و درزەکانی نێو سیستم هەموویان پابەندن بە پاراستنی نیزام، هەروەك رادەیەکی بەرچاوی لاوی ئێرانی لە پێناوی وەدیهێنانی شۆڕش‌و پاراستنی دەسکەوتەکانی گیانیان بەخت کردوە. لەلایەکی دیکەش ئاغای ئەحمەدینەژاد کە خۆی بە پارێزەری نیزامی کۆماری ئیسلامی دەزانێ لە نێو نیزام دا دۆست‌و پشتیوانی بەهێزی هەیە وەك، ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامنەیی کە بەرزترین‌و گەورەترین‌و بەدەسەڵات ترین رێبەری شۆڕشی ئیسلامییە لە ئێران داو راستەوخۆ پشتیوانیی لێدەکاو دوعای بەخێری بۆ دەکاو دەڵێ:" دەوڵەت‌و ئیدارەی ئاغای ئەحمەدینەژاد باشترین‌و رێكوپێکترین ئیدارەی کۆماری ئیسلامییە کە هەتا ئێستا ئەمن دیتوومن".

هەرچەند حەوتووی رابردوو رۆژنامەیەکی نزیك لە ئایەتوڵڵا خامنەیی، زۆر بە توندی رەخنەی لە هەڵسوکەوتەکانی ئاغای ئەحمەدینەژاد گرت.

دوای مردنی ئایەتوڵڵا روحوڵڵا خومەینی، رێبەری مەزن‌و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بوو بە رێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، خامنەیی وەفادارو رێبواری رێگای ئایەتوڵڵا خومەینی‌یەو لە خەت‌و رێبازی ئەو ئیلهام وەردەگرێ. هەموو ئەو ئەرك‌و وەزیفانەی کە لە سەر شانی رێبەری پێشوو بوون کەوتە سەر شانی رێبەری ئێستا، کە بەپێی یاسای بنەڕەتیی وڵات، رێبەر تەنیا لە بەرانبەر خودا دا خۆی بە وەڵامدەر دەزانێ. رێبەری شۆڕشی ئیسلامی دەسەڵاتێکی بێ‌سنووری هەیەو لە بەرێوەبەریی وڵات دا هەمە کارەیە، پەرە بە کاروباری ئایینی دەدا، بەڵام زیاتریش مانەوەی نیزام بۆ ئەو گرینگە. ئایەتوڵڵا خامنەیی راستەوخۆ سیستمی راگەیاندن کونترۆڵ دەکاو بەرپرسی رێکخراوی دەنگ‌و رەنگی کۆماری ئیسلامی لەلایەن رێبەرەوە دادەنرێ یا لادەبرێ‌و فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکانەو، دەستووری شەڕو ئاشتی‌و ئامادە کردنی هێزەکان بەوە. هەروەها لەشکری ١٢٥٠٠٠ کەسیی گاردی تایبەت کۆنترۆڵ دەکا کە ئەرکیان پاراستنی سنوورەکانی ئێرانە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخچی‌یەکان دەبەن‌و ئەو کەسانە یا ئەو رێکخراوانەی کە بە نا قانوونی دێنە وڵاتەوە. هەروەها پێوەندی دەگرێ لەگەڵ رێکخراوە ئیسلامی‌یە خارجی‌یەکان وەك: حیزبوڵڵای لوبنان‌و رێکخراوی حەماسی فەلەستینی. ئەو هەروەها چاوەدێریی راستەوخۆی بەرێوەبردنی سەدان کۆمپانیاو پرۆژەی بازرگانی دەکاو بەرنامەی سیاسیی وڵات بەرێوە دەباو پەرەی پێدەداو رێبەری دەزگای قەزایی‌و نیوەی ئەندامانی شورای نیگابان دادەنێ‌و چاوەدێری دەکا بەسەر ناوەندی روحانیەت.

خامنەیی هەروەها چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکان دا دەکاو فەرمانی راپرسیی گشتی دەردەکا. رێبەر دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کارو باری دارایی ماڵیی وڵات دا هەیە بۆ بەخشین‌و چاکە کردن، هەروەها کۆنترۆڵی ئەو داهات‌و سوودە دەکا کە لە سەرمایەگوزاریە گەورەکان‌و بنکەکانی ئەوقاف وەدەست دێ.

خامنەیی، رێگا نادا کە ئەحمەدینەژاد بە کەیفی خۆی ئەسپی خۆی لینگ بداو چی پێخۆش بوو بی‌کا.

لەلایەکی دیکەش شەڕی دەسەڵات لە نێوان ئەحمەدینەژادو نەیارە کونسێرڤاتە پراگماتیکەکەی، هاشمی رەفسەنجانی کە پێشتر دوو دەورە سەرۆك کۆمار بوو لە ئارا دایە کە خۆی بە کلیلی گرفتەکانی ئێران دەزانێ. لێرەدا رێبەر پشتیوانی لە ئەحمەدینەژاد دەکا.

ئێستا رێبەری کۆماری ئیسلامی بە تەواوی لەسەر پرۆسەی گرینگی چەکی ناوکیی ئێران هاودەنگە لەگەڵ ئەو بۆچوونە توندو نەگۆڕانەی سەرۆك کۆمار، ئەحمەدینەژاد. ئەوەش کاردانەوەیەکی یەکجار زۆری لە ئاستی جیهانی داهەیە.

رۆژئاواش بەتوندی دژایەتیی ئەو پرۆژە ناوکی‌یە دەکا، چونکە لەلایەك دەسەڵاتدارانی ئێران دەناسێ‌و باوەڕیان پێناکاو پێی وایە ئەگەر ئێران ببێتەخاوەنی چەکی ئەتۆمی ناوچەکە تووشی شەرێکی ماڵوێرانکەر دەبێ، لەلایەکی دیکەش هەست دەکا ئێران دەبێتە هێزێکی گەورەو بە مەبەستی داسەپاندنی باڵادەستیی خۆی‌و زاڵ بوون بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەموو شتێك دەکا، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش بە تەواوی خەریکە لە هەر رێگایەکەوە بێ ئێران ناچار بکا. واز لەو پرۆژەیە بێنێ‌و پیتاندنی ئورانیۆم رابگرێ. ئەگەر خامنەیی‌و ئەحمەدینەژادیش بەرژەوەندیی خەڵك‌و وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن باشتر وایە واز لە پیتاندنی ئورانیۆم بێنن. بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان تووشی شەڕ نەبێ.












# پرۆفیسۆر هوشەنگ مەجدی کۆچی دوایی کرد



رێکەوتی ١٩ی دیسامبری ٢٠٠٧ پرۆفیسۆر هوشەنگ مەجدی یەکێك بە گەورە زانایانی بواری زانست‌و لێکۆڵینەوە لە تاراوگە (لەشاری ئۆپسالای سوئێد) بەهۆی نەخۆشی کۆچی‌دوایی کرد. پرۆفیسۆر مەجدی لەو دەگمەن کوردانەی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە هەوڵ‌و ماندوو بوونی خۆی توانیبووی بگاتە پلەیەکی بەرزی زانستی.

ناوبراو ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی (١٩٥٢ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی زانستپەروەری شاری مەهاباد لە دایك بووەو قۆناخەکانی خوێندنی لەو شارەو لە شارەکانی تاران‌و کەرەج تەواو کردوە. دوای راپەڕینی گەلانی ئێران لە رێژیمی پاشایەتی‌و هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامی‌و دوا بە دوای دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان‌و "شۆڕشی فەرهەنگی" کەوتۆتە ژێر گوشارو راوە دوونان بۆیە بە ناچار وڵاتی بەجێهێشتووەو لەوێ دوکتۆراو دواتر پلەی زانستیی پرۆفیسۆریی وەدەست هێناوەو دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی زانستیی بە ئاکام گەیاندوە.

بەم بۆنەیەوە وێڕای رێزگرتن لە خزمەتەکانی ئەم گەورە پیاوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو دۆستان‌و زانستپەروەران دەکەین.

"کوردستان"

بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووان ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە کە بەشداری لە بەرهەمهێناندا بکەن و پاداشی ماقوڵی ئابووری‌یان بۆ تێکۆشانەکانیان بەر کەوتووە؛ لە بەر ئەوە داخوازەکانی ناوخۆیی بێ پسانەوە زیادیان کردووە و ئەوەش بە نۆبەی خۆی بووەتە هۆی دروست بوونی کاری تازە و گەشە کردنی بەردەوام. لەو وڵاتانەی کە لە گەشە کردندا سەرکەوتوو نەبوون، بە پێچەوانە، ڕادەیەکی بەرینی دانیشتوان تێکەڵاوی بەرهەمهێنان نەبوون یا خود داهاتیان ئەوەندە لە خوارەوەیە کە نەیان توانیوە پشتیوانی گەشە کردنی بازاری ناوخۆیی بکەن.

نا یەکسانی لە گشت شوێنێک و لە گشت حاڵەتێکدا دەبێتە هۆی ئەو دیاردەیە کە توانایی بەشێک لە خەڵک ناتوانرێ کەڵکی لێ وەرگیرێت یا خود بە تەواوی کەڵکی لێ وەرناگیرێت، ئەوە لە ڕوانگەیەکی ئینسانی‌یەوە، دەبێتە هۆی سنووردار کردنی لە ڕادەبەدەری هەلەکانی ژیانی خەڵک و بوارەکانی گەشە کردنی ئەوان. بێ گومان ئەو جۆرە سنووردار کردنانە بەهیچ جۆر بۆ کاریگەری باش نین.

### بەهاکانی دێموکراسی

#### هاوپێوەندی

ئازادی و یەکسانی هەر دووکیان چەمکێکن کە بە هۆی ئاڵۆزییانەوە سەرنجی فیلسوفەکانی سیاسی‌یان ڕاکێشاوە. زۆر شت لە سەر واتای ئەو ووشانە و پەیوەندی نێوان ئەوان نووسراون. چەمکی هاوپەیوەندی سەرنجی فیلسوفەکانی سیاسی‌یان بەو جۆرە ڕانەکێشاوە. لە لایەکەوە زۆر ڕەستەی ساکار و لە درووشم چوو بۆ دەربڕینی مانای هاوپەیوەندی هەن:

- بە یەکەوە ئێمە بەهێزین
- یەکگرتوو بین ئەمێنینەوە، لێک دابڕێین هەرەس ئەهێنین
- هەڵگرتنی باری یەکتر
- هەموو مناڵ، مناڵی هەموو کەسن
- دەست لە هەڤاڵی من مەدە

ئەوەی کە ئەم ڕەستانە دەی گەیەنن هەستێکی دوولایەنەی هاوپەیوەندی‌یە لە ناو خەڵکدا، لێک گرێدراوی‌یەک کە لە هەمان کاتدا جەخت لە سەر بەرپرسیاریی ئێمە دەکاتەوە بەرامبەر بە یەکتر و بەستراوەیی ئێمە بە یەکترەوە.

وشەی هاوپەیوەندی دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتینی "Solidus" کە مانای پتەو، چەسپاو و خۆڕاگریی هەیە. لە سەرەتاکانی جووڵانەوەی کرێکاری هاوپەیوەندی بە مانای یەکگرتوویی بوو، تەنیا بە هاوکاریی یەکتر دەکرا ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگا پێک بێت. هیچ کەس بە تەنیا نەی دەتوانی شتێک سەبارەت بە پێکهاتەی ناڕەوای دەسەڵاتی ئەو سەردەمە بکات، مرۆڤ تەنیا بە هاوکاریی ئەوانی‌تر ئەوەندە هێزی هەبوو

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

## (بەشی پێنجەم)

**وەرگێڕان لە ئینگلیزی‌یەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزمو سۆسیال دێموکراسی‌داو هەروەها مۆدێلو ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆنو ئان ماری لیندگرێنە.**

کە بتوانێ شتێک بکات.

بەڵام داخوازی یەکگرتوویی، پشتیوانی یەکتر کردن، تەنیا ڕووبەڕووی خەبات بۆ ئاڵوگۆڕ نەدەبۆوە، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەو ئاڵوگۆڕانەش دەبۆوە کە مرۆڤ حەزی دەکرد کە پێکیان بهێنێت. ئەوە مەسەلەی یەکگرتوویی لە خەبات بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر و دابەش کردنی دەستکەوتەکانی ئەو خەباتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان بوو. ئامانجی ئەو خەباتە جێبەجێ کردنی چاکسازیی گشتی لە بواری ئاسایشی کۆمەڵایەتی بوو کە هەموو کەس بگرێتەوە. ئەو داخوازی‌یە مەسەلەی تاکەکان بۆ دروست کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان لە ڕێگای سەرکەوتن بە سەر ئەوانی‌تر لە پێشبڕکێدا نەبوو.

دەستەواژەی هاوپەیوەندی دەربڕینی بە کردەوەی ئەو زانیاری‌یە قووڵەیە کە ئێمە پێشدا لە بەشی یەکسانیدا باسمان کرد واتە خەڵک وەک زیندەوەری کۆمەڵایەتی بەستراوەیی‌یەکی دوو لایەنەیان بە یەکەوە هەیە بۆ ئاسایشی تاکی خۆیان و ئەو کۆمەڵگایە بە باشی کار دەکات کە وەک خاڵی دەسپێک قازانجی هەمووان لە بەرچاو بگرێت و لە بەرژەوەندی خۆماندایە کە هەموومان یارمەتی ئەو قازانجە گشتی‌یە بدەین.

چاوەدێری پزیشکی دەکرێ وەک نموونەیەکی ڕاستەقینە بۆ ئەو بۆچوونە سەیر بکرێت. مافی چاوەدێری پزیشکی باش بە بێ لەبەرچاو گرتنی داهات داخوازی‌یەکی بنەڕەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌یە. ئەگەر بمان هەوێ ئەوە مافێکی ڕاستەقینە بۆ هەموو کەس بێت، دەبێ ئێمە (بە شێوەیەکی هاوپەیوەندی‌یانە) و بە یەکەوە خەرجی‌یەکەی بگرینە ئەستۆ. ئەوە شێوەیەکە لە یارمەتی لە لایەن ئەو کەسانەی کە باری تەندروستی‌یان باشە بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆش و بریندارن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگایەکە بۆ دڵنیایی کە مرۆڤ وەک تاک لە کاتی تووش بوون بە نەخۆشی یا خود ڕووداوێک یارمەتی وەرگرێت. دابین کردنی هاوبەشانەی خەرجی ئەو سیستەمە تەناهی و یەکسانی لە نێوان تاکەکاندا دەستەبەر دەکات، بەڵام هەروەها یارمەتی دەکات بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵگایەکی باشتر چونکە ئێمە بەو شێوەیە خۆ لە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ئاکامە خراپەکانی ئەو کێشانە لە سەر کاریگەری ئابووری دەپارێزین کە بە هۆی نەبوونی سامانی پێویست لە لایەن بەشێک لە دانیشتوان بۆ چاودێری باری تەندروستی خۆیان تووشی دەبن.

بەستێنی نێوان هاوپەیوەندی و تەناهیی تاکی هەروەها لە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێ. بنەماڵە خاوەن مناڵەکان لە ڕێگای سیستەمی باجەوە یارمەتی‌یان پێدەگات کە لە لایەن باجدەرەکان دابین دەکرێت ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە مناڵیان نیە و بەو شێوەیە ئێمە هەموو یارمەتی دەری دابین کردنی مەرجی باشتر بۆ مناڵەکانین. وردەوردە ئەو مناڵانە دەبنە باجدەر و بەو شێوەیە ئەوانیش دەبنە یارمەتیدەری دابین کردنی پیرانە بۆ جیلی پیر کە هەروەها ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە مناڵیان نیە و بەو شێوەیە ئێمە هەموو یارمەتیدەرین بۆ دابین کردنی تەناهی بۆ بەساڵداچووەکان. ئەوە لە هەمان کاتدا کە تەناهی بۆ تاکەکان دابین دەکات کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاسایش بۆ هەمووی ئێمە کە ژیانی تێدا بە سەر دەبەین دابین دەکات.

بەڵام هاوپەیوەندی لە سوودی‌خۆی (self-Interest) گشتی ئێجگار زۆرترە. دروست وەک ئازادی و یەکسانی چەمکی هاوپەیوەندی ناوەڕۆکێکی ڕەوشتی (ئەخلاقی)ی هەیە هەروەک لە بەشێک لە وتەکانی بەشی دەسپێک ئاماژەی پێکراوە. هاوپەیوەندی هەروەها مەسەلەی بەرپرسیاری دوو لایەنەی ئێمەیە بەرامبەر بە یەکتر هەروەک لە وتەیەکی ئینجیلی پیرۆزدا هاتوە "باری یەکتر هەڵ بگرن". بە واتایەکی خۆماڵی ئەوە بە مانای یارمەتی کردنی یەکتر لە مەڕ گیرو گرفتەکان و جێ نەهێشتنی خەڵک بە تەنیا لە خەباتیان بە دژی کێشەکانیان دایە.

"هە موو مناڵ، مناڵی هەموو کەسن" نایهەوێ دەربڕی ئەو ویستە بێت کە ئەرکی دایک و باوکیی لە بەرامبەر مناڵەکانیان لە دایک و باوکان بستێنیتەوە، بەڵکوو زۆرتر بەو مانایەیە کە ئەرکی ئێمە دروست کردنی کۆمەڵگایەکە کە دەرفەتی باش بۆ گەشە کردنی هەموو مناڵێک دەستە بەر بکات. ناوەڕۆکی ڕەوشتی هاوپەیوەندی زۆر بە ڕوونی ڕیشەی لە ئەخلاقی مەسیحی دایە. چیرۆکی پەند ئامێزی "دایەنی میهرەبان" دەربڕینێکی ئاشکرای پەیامی هاوپەیوەندی‌یە.

ئەمرۆ ئێمە لە چەمکەکانی "ئازادی، یەکسانی، هاوپەیوەندی" وەک بەهاکانی سۆسیال دێموکراسی کەڵک وەر دەگرین. بەڵام فۆرمۆلە ڕەسەنەکەی لە شۆڕشی فەرانسەدا "ئازادی، یەکسانی، برایەتی" بوو، کە دەستەواژەی "برایەتی" نیشان دەدا کە ناوەڕۆکی ڕەوشتی هاوپەیوەندی چیە: واتە ڕێز و پشتیوانی دوو لایەنە کە شتێکی ئاشکرایە لە پەیوەندی نێوان ئەو خەڵکەی کە هی یەکترن. ئەو بیروباوەڕە بوو کە پەر ئالبین هانسۆن (سەرۆک وەزیری سۆسیال دێموکراتی سوێد ١٩٤٦-١٩٣٢) لە وتاری بە ناوبانگی خۆی لە ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٩٢٨ دەری بڕی کە بە "وتاری ماڵی خەڵک[1]" ناسرا:

"بناغەی هەر ماڵێک بە یەکەوە بوون و هەستی هی یەکتر بوونە. ماڵی باش ڕێگا نادات کە بەشێک زێدە ماف بن و بەشێکێش بێ ماف، هەندێک بلاوێنەوە و هەندێکیش وەک مناڵی زڕ مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت. لە ماڵێکی وەهادا کەس بە چاوی سووک چاو لە ئەوانی‌تر ناکات، کەس تێ ناکۆشێ لە سەر حسابی ئەوانی‌تر مافی زیاتر بۆ خۆی زەوت بکات، ئەوەی بەهێزە ئەوانی بێهێز دمکووت و تاڵان ناکات. لە ماڵی باشدا یەکسانی، چاودێری و هاوکاری هەیە. ئەگەر ئەمە وەرگێڕینەوە سەر خەڵکێکی زۆر و ماڵی هاووڵاتان وا بە مانای نەهێشتنی گشت بەربەستی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یە کە ئێستا هاووڵاتان وەک زێدەماف و بێ ماف، فەرمانڕەوا و بەستراوە، دەوڵەمەند و هەژار، ساماندار و بێسامان، تاڵانکەر و تاڵانکراو دابەش دەکات."

هاوپەیوەندی هەوڵی تاکەکان بۆ پەرە پێدانی دەرفەتەکان و پێداویستی‌یە تاکی‌یەکانیان ڕەت ناکاتەوە. بەڵام ڕاستەوخۆ لە دژی خۆپەرەستی‌یە کە ڕێگا دەدات بە چەوساندنەوەی خەڵک بۆ قازانجی تاکە کەسی.

لەو ڕوانگەیەوە هاوپەیوەندی یەکێک لە پێش شەرتەکانی یەکسانی‌یە. چونکە لە دوایین لێکدانەوەدا ئەوە هەستی برایەتی، هەستی هاوپەیوەندییە کە خەڵک هان دەدات بۆ هاوکاری لە گەڵ یەکتر و کە وا لە بە هێزەکان دەکات کە خۆ بپارێزن لە بەکار هێنانی توانای خۆیان بۆ چەوساندنەوەی بێهێزەکان. لە هەمان کاتدا ئەوە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی یەکسان دایە کە هاوپەیوەندیی ڕاستەقینە مومکینە. چونکە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی یەکساندا پێویست ناکات بۆ مانەوەی خۆت ئەوانی‌تر شکست بدەی.

بەو شێوەیە ئەو سێ بەهایانە بە یەکەوە بەستراونەوە، ئازادی یەکسانی دەخوازێ، یەکسانی هاوپەیوەندی دەخوازێ و هاوپەیوەندی پێویستی بە ئازادی و یەکسانی هەیە.

### بەهاکانی سوسیال دیموکراسی

#### دیموکراسی

ئەمرۆ دێموکراسی (حکومەتی جەماوەری) وەک ئامانجێکی سیاسی لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دنیا دامەزراوە. بەڵام دێموکراسی وەک شێوەی حکومەت ساوایە هەر چەند چەمکەکە بۆ خۆی لە یونانی کۆنەوە بە میرات وەرگیراوە. بیروباوەڕی دێموکراسیی مۆدێرن لە ساڵەکانی ١٨٠٠ دا گەشەی کرد، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەک بیروباوەڕێک مایەوە کە تووشی بەرهەڵستی توندی لایەنە کۆنسێرڤاتیوەکان بوو.

کۆمەڵگای نموونەیی کۆنسێرڤاتیوەکان بە توندی توێ توێ بوو (پلە پلە کراو)؛ هەر چینێکی کۆمەڵگا شوێنی تایبەتی خۆی و ئەرکی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەوە ئەرکی تایبەتی چینی باڵا دەست بوو کە فەرمانڕەوایی کۆمەڵگا بکات؛ چینە نزمەکان وا سەیر دەکران کە لێوەشاوەیی پێویستیان بۆ ئەنجامی ئەو ئەرکە نەبێت. مافی دەنگدانی گشتی، بەردی بناغەی هەموو دێموکراسی‌یەک، لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی هاوکات لە گەڵ بەربەرەکانی توندی سیاسی لە لایەن ڕاستەکانەوە وەدەست هات. لە سوێد ئەوە هاوکاریی سۆسیال دێموکراتەکان و لیبراڵەکان بوو کە دوای دەیان ساڵ کێشەی سیاسی یاسای مافی گشتیی دەنگدانیان لە ساڵی ١٩١٨ چەسپاند. دروست لەو کاتەدا کە بەرهەڵستی ڕێسایی کۆنسێرڤاتیوەکان تێک شکا بەرهەڵستکاری نوێ بە دژی دێموکراسی سەری هەڵدا: بەشێک لە باڵی ڕاستی توندڕەوی جووڵانەوەکانی دیکتاتۆری (نازیسم و فاشیسم) و بەشێکیش لایەنە شۆڕشگێڕی‌یەکانی سۆسیالیزم کە داوای شێوەی حکومەتی تاکە حیزبی‌یان دەکرد.

لە پێوەندی لەگەڵ لایەنی دوایی‌یان‌دا دەبێ بوترێ کە هەرچی سۆسیالیزمی ڕاستەقینەیە لە گەڵ دیکتاتۆری و سەرکوتکەری ناگونجێ. سۆسیالیزم وەک جووڵانەوەیەک، دژکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر نەبوونی ئازادی و بە دژی ئەو زوڵموزۆرە بوو کە چینی کرێکار لە کۆمەڵگا نادێموکراتیکەکاندا بە ناچار لە گەڵی دەژیان و ئامانجی سۆسیالیزم ئازادیی خەڵک بوو. ئەوە ئیمکانی نیە لە ڕێگای حکومەتێکی دیکتاتۆری وەدی بێت، جا قەی ناکا چ مۆرێکی سرنج ڕاکێشی لێ بدەی کە جارجار لێشی دەدرێت. سۆسیالیزمی ڕاستەقینە دەبێ هەمیشە دێموکراتیک بێت.

ئەمرۆ، دێموکراسی وەک ئایدیالێک لە لایەن نەیارانی پێشووشی قەبووڵ کراوە، ئەگەر گرووپە توندرەوەکانی ڕاست و چەپی لێ دەرهاوێین. بەڵام کاتێک کە باسی دێموکراسی وەک شێوەی حکومەت دەکرێت هاو هەڵوێستی گەلێک بەهێزە؛ لە سەر پانتایی کاریگەری دێموکراسی ناکۆکی‌یەکی یەکجار بەرچاو لە نێوان لایەنە سیاسی‌یەکان هەیە، واتە ئەو پرسیارانەی کە پێکهاتە دێموکراتیکەکان دەبێ مافی بڕیاردانیان لە سەر هەبێت.



"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# "شۆڤێنیستە ئازەرییەکان دیسان دژ بە کورد دەدوێن"

سامان فەقێ نەبی

ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ قەفەسێکە کە کەمایەتییەك لە بەناو چالاکڤانانی بواری سیاسیی و کولتووری ئازەری زمان ئێستاشی دەگەڵ بێ، لێی دەرباز نەبوون. ئەو بیرە ژەهراوییە ئەگەرچی رابردوویەکی کۆنی هەیە، بەلام ئێستاش بە شێوازی جۆراوجۆر لە هزری ئەم کەمایەتییەدا رەنگدانەوەی هەیەو جارجارە بەشێوەی تۆمەت لێدانی پووچو بێبنەما لە دژی نەتەوەی کورد خۆی دەنوێنێت. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ چەند لایەنێکی ئەم روانینە دوگمە بە کورتی شی بکرێتەوە.

لە دەستپێکدا پێویستە ئاورێك لە دەقی بابەتەکانی گۆڤاری ئازەری زمانی" اولدوز" بدەینەوە، کە لە یەکێك لە وتارەکانیدا هەژاریی فکرو رقی نووسەر بە نیسبەت نەتەوەی کورد بە روونی دەردەکەوێت.

وتارەکە بە پاراگرافێکی سەیرو سەمەرە دەست پێدەکات کە تێیدا بەپێی هێندێك بۆچوونی ناڕاستو هەڵسەنگاندنێکی ساویلکانە، رەگەزی ترکی ئازەری بە سوومێرییەکان پێوەند دراوە، گەر بێتو ئیددعایەکی وەها دروست بێت، ئەوە بەو مانایە دەبێت کە پێویستە مێژووی مرۆڤایەتی سەر لە نوێ بنووسرێتەوە، چونکە ئەگەر بەو قەرارە بێت، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە تورکەکان لە مێزوپۆتامیا (بین النهرین)ەوە، بەرەو شوێنەکانی تر کۆچیان کردوە، کە ئەمە لەگەڵ گشت توێژینەوە مێژوویی و شوێنەوار ناسییەکانی ئێستاو رابردوو دژایەتیی دەبێت. لە راستیدا ئەوەی کە تاکو ئێستا سەلمێندراوە، دەرخەری ئەو راستییەن کە تورکەکان دوای سەرهەڵدانی ئیسلام بەرەبەرە لە سیبریو ئاسیای ناوەندییەوە، روویان لە رۆژهەلاتی ناوەراستو ئاسیای بچووك (تورکیای ئێستا) کردوە.

هەروەها ئەو بلاڤۆکە بەهۆی ئەوەکە یەکێك لە ئەندامانی شوڕای شاری "ورمێ" لە وتووێژێکدا لەگەڵ بلاو کراوەی کوردیی "هاوار"، پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوای بە کوردستانی باکوور ناو هێناوەو وتوویەتی کە کوردەکان نیوەی حەشیمەتی ورمێ پێك دێنن، بە دوور لە هەر چەشنە عورفێکی رۆژنامەڤانی، گەلێك تۆمەتی داوەتە پاڵ نەتەوەی کورد بەگشتیو نابراو بەتایبەتی، کە جێگای شرۆڤەو لێ ورد بوونەوەن.

بۆ وێنە، ئەو ئەندامەی شووڕای شاری "ورمێ"یان بە کەسێکی خەیاڵاتی ناوزەد کردوە، کە گۆیا هەر لە ئێستاوە بە هۆی بیری دواکەوتووانەی، لە فکری دامەزراندنی دەوڵەتی یۆتۆپیای کوردی دایە!!! پێویستە کە بەرێوەبەرانی ئەم بلاڤۆکە لە یەکەم هەنگاودا ئەو زەحمەتە بە خۆیان بدەن کە بۆ تێگەیشتن لە




واقیعەکان بڕوانن پێکهاتەی حەشیمەتی کورد لە ئازەربایجانی رۆژئاواو پاشان لەم بارەوە زانیاریی درووست بە خوێنەرانی تورك ببەخشن.

هەروەها لەم بلاڤۆکەدا وەها باس کراوە کە کوردەکان خەڵکێکی کۆچەرنو خاوەن هەستێکی ناسیونالیستی سەرەتایینو لە بواری سیاسیدا خاوەنی هیچ ئەزموونێك نینو لە بەرامبەردا تورکی ئازەری بە خەڵکێکی تێگەیشتوو خاوەن هۆشیاریی سیاسی لە قەڵەم دراون. دیارە سەبارەت بە وشیاریی سیاسیو پێگەی کولتووریی تورکی ئازەری هیچ گومانێکمان نیەو رۆڵی بەرچاوی نەتەوەی تورك لە مێژووی ئێراندا مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرەو ئەم جۆرە تۆمەتە ناڕاستانە دەرهەق بە کورد بە هیچ شێوەیەك کاریگەریی لە سەر دۆستایەتی کوردو تورکو هەروەها روانگەی ئینسانیی نەتەوەی کورد بە نیسبەت خەڵکی تورك دانانێت، بەلام جێگای داخە کە ئێستاش لە نێو تورکەکان دا کەمایەتییەکی بیر تەسكو گێرەشێوێن بەدی دەکرێن کە لە رێگای جۆراوجۆرەوە رقی خۆیان دەرهەق بە نەتەوەی کورد هەڵ دەرێژنو هاوشێوەی "گورگە بۆرەکان" سووکایەتی بەم نەتەوە چەوساوەیە دەکەن.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، نوێنەری بە رەگەز تورکی سەلماس لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەلێك لە خوێندکارانی کوردی ئەم شارە، دەستی داوەتە چەواشەکاریو خەڵکی کوردی بە کۆچەر لە قەڵەم داوەو خوێندکارە کوردەکانیشی بە بەستراوەیی بە ئۆپۆزیسیۆنی کورد تۆمەتبار کردوە. ناوبراو هەروەها گوتوویەتی کە خۆیو هاوبیرانی بەردەوام هەوڵ دەدەن کە لە رێگای توندو تیژییەوە کوردەکان ناچار بکەن کە سەلماسو ئازەربایجانی رۆژئاوا چۆڵ بکەن. لەو چوارچێوەیەدا ئازارو ئەشکەنجەی گوند نشینانی کوردو جێبەجێ نەکردنی هیچ چەشنە پرۆژەیەکی ئاوەدان کردنەوە لە گوندە کوردنشینەکانو وەرنەگرتنی کوردەکان لە دامو دەزگا دەوڵەتییەکان، بەشێك لەو هەوڵانەن کە دژ بە کورد خراونەتە گەڕ، کە بێگومان تەواوی ئەو کارانە سەلمێنەری ئەو راستییەن کە نوێنەری سەلماسو هاوبیرانی خاوەنی هیچ چەشنە بەهایەکی مرۆیی نین. شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئەم جۆرە پیلانە شۆڤێنیستییانە لەلایەن هێندێك کۆڕو لایەنی توندڕەو لە کۆماری ئازەربایجان، تورکیاو ئەمریکا دادەرێژێتو لە نێو ئازەربایجانی ئێراندا بلاو دەکرێتەوەو پەرەیان پێ دەدرێت.

لەم بارەیەوە ئەوەی کە راگەیەنە کوردییەکان لە سەریەتی جەختی لەسەر بکەنەوە، بەربەرەکانییە لەگەڵ گەشەی ئەمجۆرە بیرۆکەیە لە نێو چالاکانی سیاسیی ئازەری زمان دا، بەتایبەتی لە رێگەی خستنە سەرپشتی دەرگای دیالۆگو وتووێژ لە نێو چالاکانی سیاسی تورکو کوردو رۆشنگەریی زیاتر لە نێو خەڵکی ئازەربایجاندا، کارێك کە بێگومان ئەرکێکی دوولایەنەیە لە سەر شانی هەر دوولایەنی کوردو تورکو لەم بوارەدا راگەیەنە ئازەری زمانەکانیش پێویستە ئەم ئەرکە مرۆییو مێژووییەی خۆیان بە جێ بگەیەنن.

**سەبارەت بە وشیاریی سیاسیو پێگەی کولتووریی تورکی ئازەری هیچ گومانێکمان نیەبەلام جێگای داخە کە ئێستاش لە نێو تورکەکان دا کەمایەتییەکی بیر تەسكو گێرەشێوێن بەدی دەکرێن کە لە رێگای جۆراوجۆرەوە رقی خۆیان دەرهەق بە نەتەوەی کورد هەڵ دەرێژنو هاوشێوەی "گورگە بۆرەکان" سووکایەتی بەم نەتەوە چەوساوەیە دەکەن**

پەیڤ

# کۆنفرانسەکانی پێشمەرگە، ئاسۆی داهاتوویەکی روون

سمایل شەرەفی

رۆژی ٩ی بەفرانباری ١٣٨٦ی هەتاوی کۆنفرانسی بەرینی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٤ی ئەم حیزبە بەڕێوە چوو. ئەوەی هانی دام ئەم بابەتە بنووسم هێندێك تایبەتمەندیی نوێو ئەمڕۆیی بوون کە بە روخساری ئەم کۆنفرانسەوە دیار بوون. کە دەڵێم تایبەتمەندیی نوێ مەبەستم ئەو جیاوازییانەیە کە لەم کۆنفرانسەدا بە نیسبەت کۆنفرانسەکانی پێشووی حیزبی دیموکراتەوە بەرچاو دەکەون.

ئەوەی راستی بێ هەرچەند حیزبەکانی ئێمە - بە هەموویانەوە - تا ئێستاش بە پەیکەرو هەیکەلی پێشمەرگەوە ناسراون، بەلام کەم وا هەبووە ئەم هێزە ئامیانەی شۆڕشو کوردایەتیو حیزبایەتییە دەنگی بە بڕیارە سیاسییەکانەوە دیار بێ. بەلام ئەوەی لە کۆنفرانسەکەی ٩ی بەفرانباری ئەمساڵ دیتمان بە پێچەوانەی رابردوو بوو.

ئەو چەند تایبەتمەندییە کە پەردەیەکی ئەستووری خستبووە نێوان ئەم کۆنفرانسەو کۆنفرانسەکانی کۆنگرەکانی پێشوو بریتین لە:

١ـ چەند مانگ پێش بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە، هەیئەتێکی ئامادەکاری کۆنگرە شێوازی هەڵبژاردنەکانی بە خودی پێشمەرگەو ئەندامانی دیکەی حیزب سپاردو ئەوە پێشمەرگە بوو دیاری دەکرد بە شێوازێکی نوێ هەڵبژاردن بکا.

٢- بە پێچەوانەی کۆنگرەکانی رابردوو کە نوێنەری پێشمەرگە دەبوا دوای کۆنفرانسی پێشمەرگە بچێتە کۆنفرانسی کادرو لەوێڕا - ئەگەر دەنگی پێدرابا - بچێتە کۆنگرە، ئەمجارەیان نوێنەرانی پێشمەرگە راستەوخۆ دەچنە کۆنگرە.

٣- بە پێچەوانەی زۆرێك لە کۆنگرەکانی پێشوو - بە تایبەت کۆنگرەی ١٣ - نزیك بە تەواوی پێشمەرگەکان چالاکانە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان کردو نوێنەرانی خۆیان لە کەشو هەوایەکی تەواو ئازاددا هەڵبژارد.

٤ـ سەبارەت بە رێژەی نوێنەرانی پێشمەرگە؛ لەگەڵ ئەوەی کە راستەوخۆ نوێنەران بۆ کۆنگرە جیاوازییەکی بەرچاوی خستبووە نێوان ئەم کۆنفرانسە لەگەڵ کۆنفرانسەکانی پێشوو بەلام دیسانیش بەهۆی پێداگری پێشمەرگەکان و - بە پێچەوانەی رابردوو - گوێ هەڵخستنی کومیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەو رێبەرایەتیی حیزب بۆ داواکاریی پێشمەرگەکان، رێژەی نوێنەرانی پێشمەرگە بۆ کۆنگرە زیاتری کردو لە (٣/ ٦٪)ەوە بوو بە ١٠٪.

٥ـ ئاستی خوێندەواریی نوێنەران؛ بە پێچەوانەی کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی ١٣ کە هەرچی پێشمەرگەی خوێندەوارو زانکۆ دیتوو بوو وەلانرانو پەراوێز خران، نوێنەرانی کۆنفرانسی پێشمەرگە بۆ کۆنگرەی ١٤ زۆربەیان بژاردەکانی نێو ژووری کۆنفرانس بوون. بە شێوەیەك کە ٥/ ٥٦٪یان ئاستی خوێندەوارییان دیپلۆمو دیپلۆم بۆ سەرێن، کە زۆربەی نزیك بە تەواویان لە رووی تێگەیشتنی سیاسییەوە لە ئاستێکی بەرزدانو لەم نێوەدا ٢٥٪یان لە قۆناغە جیاجیاکانی زانکۆدا خاوەن بڕوانامەن.

٦ـ لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە بەشدارانی کۆنفرانس پێشمەرگەی خاوەن رابردووی پڕ لە سەروەریو شانازی بوون بەلام خوێندنەوەیان بۆ ئەرکو وەزیفەکانی کۆنگرەو داهاتووی حیزب، لاوبوونی رێژەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی پێشمەرگەی لێکەوتەوە بە جۆرێك کە نزیك بە ٩٪ی نوێنەران سەر بە توێژی لاون.

٧- بە پێچەوانەی رابردوو کە بەشداریی ژنان لە کاروتێکۆشانی حیزبیو بڕیاردان دا تەنیا لە دروشم دا خۆی دەدیتەوە، لە کۆنفرانسی ئەم جاردا رێژەیەکی بەرچاو لە ژنانی تێکۆشەر وەك نوێنەری پێشمەرگە هەڵبژێردران.

بە وردبوونەوە لەو فاکتەرانەی باسمان کردنو بە پێی بەرزتر بوونەوەی ئاستی هوشیاریی پێشمەرگەو پاراستنی سەربەخۆیی فکریو نەبوونی دەستەبەندیو بەرژەوەندخواز؛ چاوەڕوان دەکرێ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٤دا زۆر سەرکەوتووانەو لێبڕاوانە نەك بۆ خۆنواندنو دروشمو خۆڕانان، بەڵکوو بە باوەڕێکی پتەو و قووڵەوە هەنگاو هەڵگرێ بۆ گۆرانکاریی جیدیو بەرچاو بە مەبەستی چالاکتر کردنی تەشکیلاتی حیزب لە هەموو ئاستو بوارەکان دا. لەم گۆشەنیگایەوە ئاسۆی گۆڕانکارییەکانی داهاتوومان گەشتر خۆدەنوێنیو هەموومان هیوادارین کە بە پێی ئاڵوگۆڕو چاوەڕوانییە ئەمڕۆییەکان بتوانین بەهێزو تینو گوڕێکی نوێوە بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانمان هەنگاو بنێین.

# سووتان و نەسازان!

## ئاوڕدانەوەیەك لە بارودۆخی خۆسووتاندن و ئەو نابەرابەریانەی کە سەبارەت بە مافی ژنان دەکرێ

نووسین: حەمید قەهوەچیان

وەرگێڕان و کورتکردنەوەی: حەلیمە ڕەسووڵی

ئەو نووسراوە چاوخشاندنێکی ڕەخنەگرانەیە لەسەر خۆکوژی وبەتایبەت خۆسووتاندنی ژنان و پەیوەندیی ئەو دیاردەیە بە مافی بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی ژنانەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە پێشێل و نزم کردنی مافی ژنان و پێکهێنانی نابەرابەری بەدژی ژنان چ پەیوەندییەکی لەگەڵ خۆسووتاندنیان هەیە؟

**خۆسووتاندن:**

لە زۆر لایەنی جۆراوجۆرەوە دەکرێ خۆسووتاندن تاوتوێ بکرێ و یان هەڵبسەنگێندرێ. ڕەنگە یەکێك لەو خاڵانەی کە لەو دیاردەیەدا زۆر ڕاستوبەرچاو بێ تووڕەیی ئەو کەسانە لە بەرامبەر خەڵکیدا بێ بۆ دەربڕینی ئەو زوڵمانەی لێیان دەکرێ، کاتێك ناتوانن ئەو تووڕەییەی خۆیان سەرکوت بکەن و یان لە ڕێگای یاساییەوە وەشوێن ئەو زوڵمە بکەون کە سەبارەت بە ئەوان کراوە، ئەوە ئەوکات بە سووتاندنی خۆیان قسەی خۆیان بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە، واتە نارەزایەتیی خۆیان بەم چەشنە دەردەبڕن. خۆسووتاندن لە باری دەربڕینی نارەزایەتییەوە توندترین شێوەی خۆ لە ناوبردنە کە بە شێوەیەکی زۆر سامناك و ئازاراوی ڕوودەدا، بەو واتایە کە لە بەرامبەر کێشەو گرفتەکانی ژیان، نەیتوانیوە هیچ ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوە. هەر بۆیە سووتان لەجیاتی سازانی لە هەموو ڕێگاچارەیەکی دیکە پێ باشترەو بەم جۆرە خۆی دەسووتێنێ!

خۆکوژی لە زۆربەی وڵاتان سێهەمین هۆکاری مردن و لەناوچوونی گەنجان و مێرمناڵانی ١٥ تا ٢٤ ساڵەو بە گشتی هەشتەمین هۆکاری نەمان لە دنیا دایە. بە پێی ئاماری بێهزیستی، خۆسووتاندن بە بەربڵاوی ٣٠٪ی تەواوی خۆکوژییەکانەو ـ دوای خۆهەڵواسین ـ لە پلەی دووهەمی جۆرەکانی ئەو خۆکوژیانەی لە ئێران دایە کە دەبێتە هۆکاری مردن.

خۆسووتاندنی ژنان قەیرانێکە کە لە ئیلام، کوردستان، کرماشان، خوزستان، چوار مەحاڵی بەختیاری، ئەردەبیل، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، بەشی تورکەمەن نشینی هەرێمی گوڵستان و بووشێهر هەیە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش رو لە هەڵکشان و زیاد بوونە. بەڵام لەو ناوەدا ڕێژەی خۆسووتاندن لە ئیلام، کرماشان و گوڵستان گرەویان لە ناوچەکانی دیکە بردۆتەوە.

یاساگەلی نابەرامبەرو هەڵاواردنی یاسایی بەردەوام لە هۆکارەکانی سازبوونی نارەزایەتی و لە ئاکام دا خۆسووتاندن و خۆکوژیی ژنانە. سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، نالەبار بوونی بارودۆخی ژیانی هێندێك لە بنەماڵەکان و هەروەها بەرتەسك کردنەوەی هەڵسوکەوتی ژیان لەلایەن دایك و باوکەوە لەسەر کچەکانیان، زەماوەندی زۆرەملی و خەمۆکی، زاوزێی زیاتر لە حەدو زگ پڕی (حامیلەگی)ی نەخوازراو، هەژاری و دەست کورتی، پرسی سەرپەرەستیی منداڵان، ئێعتیاد، بێکاریی مێرد، لێدان و کوتانی ژنان لەلایەن مێردەکانیانەوە، فرەژنی، ناتەبایی بنەماڵەیی، نزم بوونی ئاستی کلتووری، کێشە گەلی نامووسی، دابەشبوونی نایەکسانی ئیمکانات لە نێوان ژن و پیاودا، نەبوونی زانیاری ژنان لەسەر مافی ڕەوای خۆیان، نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و یاسایی لەو هۆکارانەن کە هیوا بەدرێژەدانی ژیان لەلایەن ژنانەوە کەم دەکەنەوە. سەرەڕای ئەو پرسانە دەسەڵاتی کلتووری و پیاوسالاری و بیروباوەڕی نەریتی و سواوی خەڵکی و نەبوونی بنکەگەلی پشتیوانی یاسایی و کۆمەڵایەتی لە ژنان، بۆتە هۆی تەشەنە سەندنی ئەو نابەرابەریانە لەیاساکان داو هۆکارێکی خراپ کەڵك وەرگرتنە بە شێوەی بەربڵاو.

لە بەندی ١٤ی ئەسڵی ٣ی یاسای بنەڕەتی لەسەر ئەرکەکانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دخوێنینەوە!

" دابین کردنی یاسای هەمەلایەنەی تاکەکان چ ژن و چ پیاوو هەروەها سازدانی ئاسایشی دادوەرانەو عادیلانە بۆ هەمووان و بەرابەریی گشتی لە بەرامبەر یاسادا." بەرابەریی ژن و پیاو لە بەرامبەر یاسادا بە پێی پێویست نابێتە هۆی لەناو بردنی هەڵاواردنی ژنان. بەڵکوو تەنیا لە هێندێك خاڵدا دەتوانێ بەرابەریی ژن و پیاو گەرەنتی بکا. لە هێندێك لە بنەماکانی یاسای بنەڕەتی و هێندێك خاڵ لە یاسا نێوخۆیی (مەدەنی، سزایی،کاروباری سجنی، دامەزراندن و...) باس لە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو دەکا. وا دێتە بەرچاو کە ناکرێ بەرابەریی ژن و پیاو لە بەرامبەر یاسادا بە بەرابەریی مافی ژن و پیاو لە تەواوی کارەکان دا پێناسە بکرێ

هەروەها لە بەندی ٩ی ئەو ئەسڵەدا دەخوێنینەوە کە:" لە ناوبردنی هەڵاواردنی بەناحەق و سازدانی پێداویستی عادیلانە بۆ هەمووان، لە تەواوی بوارە ماددی و مەعنەوییەکان دا" بەو حاڵەش لە بەر هۆی نەبوونی ڕێکخراوو، حیزبە چالاك و سەربەخۆیەکان لۆسەی فشار هێنان بۆ پاراستنی مافی ژنان لە بەرامبەر ئەو هێزانەی کە دژبەری بە شاراوەو بەکردەوەی مافی ژنانی لە بەردەست دا نیە.

سەرەڕای ئەوە، هێندێك لە بنەماکانی یاسای بنەڕەتی کە بە شرۆڤە گەلی یاسایی پیاوسالارانە پاساو دەدرێن، دەبنە هۆی سازبوونی نابەرابەری لە نێوان ژن و پیاودا. بۆ نموونە ئەسڵی ١٥ یاسای بنەڕەتیدا دەڵێ: "سەرۆك کۆمار دەبێ لە نێوان "رجالی" ئایینی و سیاسی کە خاوەنی ئەو



مەرجانەی ژێرەوە بن هەڵبژێردرێن...." بە لێکدانەوەیەکی جیاواز، مەبەستی لە "رجال" پیاوانەو ئێستاش هەر بەوەها لێکدانەوەیەك، ئەو بەزمە بەرێوەدەچێ. ئەوە لە بارودۆخێك دایە کە ژنان لە دەستەبەر کردنی ئیشگەلێکی وەك ویلایەت و دادوەریش بێبەشن.

ئەو نابەرابەرییانەی کە لە یاسای مەدەنی دا هەن:

لە یاسای بنەڕەتیدا باس لە زۆربەی مافەکانی ژنان کراوە بەڵام لە یاسای مەدەنیدا ئێمە شایەتی بەرتەسك کردنەوە یان دانانی جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو داین.

*نابەرابەری لە مافی کارکردن دا، بە دژی ژنان: مادەی ١١١٧ یاسای مەدەنی! پیاو دەتوانێ ژنەکەی خۆی لە پیشە یان حیرفەیەك کە دژایەتیی لەگەڵ ئابڕووی بنەماڵە یان خودی ژنەکە هەبێ بگێڕێتەوە.

* نابەرابەری لە هەڵبژاردنی سەربەخۆیانەی شەریکە ژیان یان هاوسەر! مادەکانی ١٠٤١و ١٠٤٣و ١٠٥٩ یاسای مەدەنی بە جۆرێك ئیزنی سەرپەرەستی لە زەماوەندی کچان دا کردۆتە مەرج.

* سنووردار کردنی ژنان لە مافی زەماوەند کردنی ئازاددا: مادەی ١٠٥٩ یاسای مەدەنی: ئەنجام دانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوان ژنی موسڵمان و پیاوی غەیری موسڵمان دا ڕەوانیە.

*نابەرابەری لە مافی هەڵبژاردنی سەرپەنا، بەدژی ژنان: مادەی ١١١٤ یاسای مەدەنی:

ژن دەبێ لەو ماڵەدا دانیشێ کە هاوسەرەکەی هەڵیبژاردوە، مەگەر ئەوکاتەی دەسەڵاتی هەڵبژاردنی ماڵ واتە سەرپەنای پێ ئەسپاردرابێ.

* نابەرامبەری لە حوکمەکانی وەدەست هێنان، گواستنەوەو کەڵك وەرگرتن لە سوودەکانی هاووڵات بوون، بەدژی ژنان: بەندی ٢ مادەی ٩٧٦ : ئەو کەسانەی کە باوکیان ئێرانیە جا چ لە ئێران و چ لە دەرەوەی ئێران لە دایك بووبێش (مافی هاووڵات بوون لە ئێرانیان هەیە). هەروەها تێبینی ٢ مادەی ٩٨٧: ئەو ژنە ئێرانییانەی کە بەهۆی زەماوەندەوە دەتوانن لە دەرەوە نیشتەجێ بن و ببنە هاووڵات مافی ڕاگوێستنی ئەو کەرەسانەیان نیە کە توانایی ڕاگواستنیانیان هەیە بە مەرجێك کە ببێتە هۆی دەسەڵاتی ئابووری بیانییەکان.

* نابەرامبەری لە مافی تەڵاق بە دژی ژنان: مادەی ١١٣٣ یاسای مەدەنی: پیاو دەتوانێ بە لەبەر چاوگرتنی ئەو باروودۆخەی کە دانراوە لەو یاسایەدا بە سەردانی دادگا داوای تەڵاق دانی هاوسەرەکەی بکا.

* نابەرامبەری لە هەڵوەشاندنەوەی تەڵاق، بە دژی ژنان ( مادەکانی ١١٢٢و ١١٢٣ یاسای مەدەنی)! نەقوستانی پیاوان کە دەبێتە هۆی مافی هەڵوەشاندنەوەی نیکاح بۆ ژنان لە ٣ خاڵدا کورت کراوەتەوە (م ١١٢٢ پ.م) لە کاتێك دا کە نەقوستانیی ژن دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی نیکاح بۆ پیاوان لە ٦ خاڵدا باسی لێکراوە (م ١١٢٣ ب.م)

* نابەرامبەری لە مافی سەرپەرەستیی منداڵان، بە دژی ژنان! مادەکانی ١١٦٨و ١١٦٩ یاسای مەدەنی! پاراستن و چاوەدێری کردنی منداڵان هەم مافو هەم ئەرکی باوکانە.

* نابەرامبەری لە مافی دەسەڵاتدارێتی بەسەر منداڵان دا! مادەکانی ١١٨٠و ١١٨١ یاسای مەدەنی! منداڵی بچووك دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی باوك و جەدی باوکیەوە.

* نابەرامبەری لە مافی بڕیاردانی هاوبەش لە کاروباری بنەماڵەدا: مادەی ١١٠٥ یاسای مەدەنی کە دەڵێ بەرپرسایەتی کردنی بنەماڵە لە تایبەتمەندیەکانی مێردەو.... بەم جۆرەیە کە ژنان خاوەنی ئاسایش و پاراستنێکی دادوەرانەو عادیلانە نین و بەندەکانی ١٤و ٩ یاسای بنەڕەتی بێڕەنگو بێکەڵکن.

بەدانی مافی ژنان دەکرێ هیوادار ببین ژنان لە ژێر تیشکی شمشێری دادوەریدا، ژیانێکی مرۆڤانەتریان هەبێ و کاتێك تووشی گرفتێك بوون سەردانی دادگا بێلایەنەکان بکەن بەڵکوو یاسا گەلێکی عادیلانەو دادپەروەرانەیان بۆ دەرکەن و لە ئاکام دا گرفتەکانیان چارەسەر بکرێ نەك ژنێك کە تووشی موشکیلەو قەیران بووە یاساو دادگاش هەر بەچاوی لایەنێکی زوڵم و جیاوازیدانەر سەیری بکاو لە ئاکام دا ئاگر لە خۆی بەردا تاکوو بەڵکوو بەسازکردنی وەها دیمەنێکی ترسناك و تۆقێنەر گلەیی و گازەندە لە بارودۆخی ژیانی خۆی بکا.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

**کچێتی** Daughterhood

بریتییە لە پێوەندیی نێوان منداڵە مێیینەکانی بنەماڵە لەگەڵ دایك و باب. دەروونناسانی فیمینیست بە گشتی لە سەر ئەم بیردۆزەن کە لە نێوان پێکهاتەی پێناسی ڕەگەزیی ژنان و ئەزموونی کولتووری و دەروونیی ئەوان لە پلەی کچ دا، بەستراوەیی دوو لایەنە هەیە. بە بۆچوونی نانسی چودورا، ژنان بە پێچەوانەی پیاوان، لە ڕێگای کچ بوون و پێوەندیی سەرەتایی لەگەڵ لەگەڵ دایکیانەوەیە کە فێری پێوەندی دامەزراندن لەگەڵ کەسانیتر دەبن (Chodorow,1976).

فیمینستە رادیکاڵەکان، دەربڕینی سیاسیی ئەم ئەزموونەیان ناوناوە "مافی کچێتی". جنیس ریموند لەم زاراوەیە بۆ وەسفکردنی پێویستیی ژنان بە هەبوونی پێوەندیی لەگەڵ دایك دا کەڵك وەردەگرێ و، ماری دەیلی دەڵێ، بیرەوەرییەکان و



ناسیاویی ژنان لەسەر سەردەمی کچێتییان، ئەوان بە مێژووی ژنانەوە گرێ دەدا (Daly,1978).

تیۆردارێژانی ئەدەبی نەریتی پێوەندیی دایك / کچیان لە ئەدەبیات و ئوستوورەدا وەسف کردووە و لێکیان داوەتەوە (Davidson,1980).

تیۆردارێژانی فەرانسەیی، پێناسە گەلی ناتەبا لەگەڵ کچێتی دێننە گۆڕێ. بە گوێرەی بیردۆزی ژولیا کریستوا، کچان بۆ پشتیوانی لە خۆیان لە بەرامبەر دایکان دا، پێویستیان بە زمان ـ واتە سیستەمی سەمبولیکی باوك ـ هەیە (Kristeva,1974).

بەگوێرەی بۆچوونی لوس ئێریگاری، ژن، چونکە کچی باوکی خۆیەتی، لە [پرۆسەی] بەرهەمهێنان وەلادەنرێ. بەبڕوای ئێریگاری، شۆرشێکی فیمینیستی دەبێ ئەم خولانەوە خۆڕاییەی خۆبەدەستەوەدانی حەزو ئارەزووەکانی کچ لە بەرامبەر حەزو ئارەزووەکانی باوك دا (واتە لەبەرامبەر ئەندامی نێریەتیی ئەودا) کە کچان ناچار دەکا لەبەرامبەر یاسای باوك دا سەر دانەنوێنن، تێك بشکێنێ (Irigaray,1974).

سەرچاوە: لاپەڕەکانی ١١و ١٢ی "فرهنگ نظریه‌های فمنیستی"

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 477 5 Jan 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# شەوی یەڵدا، شەوئاهەنگێك بۆ یادی لە دایك بوونی رێبەری شەهید، دوکتور قاسملوو





یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی شەوی یەڵدا، درێژترین شەوی ساڵ، هاوکات لەگەڵ ساڵرۆژی لە دایك بوونی رێبەری هەمیشە زیندوو، شەهید دوکتور قاسملوو، رێورەسمێکی بەشکۆی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی رێبەرایەتی، ژمارەیەك میوان، کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی دانیشتووی کەمپەکانی حیزب بەڕێوە برد.

سەرەتای رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکرد.

پاشان بەرێوەبەری شەوئاهەنگەکە کورتەیەك لە ژیاننامەی کاك دوکتوری پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

دواتر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە قوتابیو هاوڕێی لە مێژینەی رێبەری شەهید وتەیەکی بەم بۆنەیە پێشکەش کرد.

مامۆستا حەسەن زادە لە وتەکانی دا ئاماژەی بە رۆڵی دوکتور قاسملوو لە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا کردو سەبارەت بە دەوری ئەو لە بوژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا گوتی: "ئەو رێنسانسی لە حیزب دا کرد." مامۆستا حەسەنزادە لە درێژەی وتەکانیدا هێندێك بیرو بۆچوونی ئەم رێبەرە مەزنەی گەلی کوردی لە مەڕ سەربەخۆیی حیزب وەبیر هێنایەوەو هەروەها ئازاد بیرکردنەوەی بە یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی دوکتو قاسملوو ناوبردو هەڵوێستی ئازایانەو بوێرانەی ئەوی لە بەرامبەر هێرشی "ئەرتەشی سوور"ی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بۆ سەر یوگوسلاوی پێشوو وەك نموونە هێناوە کە بوو بە هۆی دەرکرانی ئەو لە وڵاتی "چیك". لە بڕگەکانی دیکەی رێوڕەسمەکەدا ئەم بەڕێزانە بە هەڵبەستو هۆنراوەو پەخشانو مەقامو گۆرانی کۆڕەکەیان زیاتر رازاندەوە:

مامۆستا بێبەش: شێعرو پەخشان

سالار کرماشانی: گۆرانی - سوهەیلا قادری: هۆنراوە - عەلی بداغی: پەخشان - حیشمەت کرماشانی: گۆرانی - حەلیمە رەسووڵی: هۆنراوە - نەشمیل عەباسی: هۆنراوە - سارێژ کۆیی: هۆنراوە - رەسووڵ گەوهەری: حەیران.

لە درێژەی رێوڕەسمەدا کاك جەعفەری حامیدی وتەیەکی سەبارەت بە کەسایەتیی شەهید قاسملوو پێشکەش کرد. دواتر یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان کاك قادر وریا نووسەری کتێبی "قاسملوو لە رێبازیدا زیندوویە"و کاك هۆشمەند نووسەری کتێبی "قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد"ی سەبارەت بە هەوڵەکانیان بۆ ناساندنی کارو خزمەتەکانی دوکتور قاسملووی شەهید بە بزووتنەنەوەی نەتەوایەتیی کورد خەڵات کرد.

دوای پێشکەش کرانی چەند پارچە موسیقایەك کە لەلایەن کۆڕی هونەرییەوە کاك قادر وریا چەند بیرەوەرییەکی پێوەندیدار بە دکتور قاسملووی بۆ بەشداربووان گێڕایەوە.

بە دوای ئەودا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان - کومیتەی ئازادی لەلایەن کەیوان عیزەتییەوە خوێندرایەوە. لە کۆتایی ئەو شەوئاهەنگەدا تیپی هەڵپەڕکێی "شەوی یەڵدا" چەند شێوە هەڵپەڕینیان نواند. کۆڕەکە بە هەڵپەڕکێی گشتیی بەشداران کۆتایی پێهات.

# سەیوان سەعیدیان لە ڤالانتاینی ئەمساڵدا پرۆژەی سێوی مێخەکرێژ لە دهۆك، سلێمانیو هەولێر بەڕێوە دەبا



پرۆژەی سێوی مێخەکرێژ کە لەلایەن هونەرمەندی دیزانەر سەیوان سەعیدیانەوە هاتۆتە گۆڕێ لە رۆژی عاشقان دا بە هاوکاریی رێکخراوی نوژین لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك بەڕێوە دەچێ.

لەمبارەوە سەعیدیان بە رۆژنامەی "هاوڵاتی"ی وتوە: "ئەمساڵ پرۆژەکە بە بەشداریی ۹۹ لاوی عاشقو ۹۹ شاعیرو ۹۹ نیگارکێش لە رۆژی ڤالانتاین دا لە هەر سێ شاری دهۆك، سلێمانیو هەولێر بەڕێوە دەچێت". ناوبراو هەروەها وتویەتی، داوا لە شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکرێ کە تێکستەکانیان بۆ پرۆژەکە بنێرنو دوای ئەوەی کە ۹ تێکست لەلایەن لێژنەوە هەڵدەبژێردرێن دەدرێن بە ۹۹ نیگارکێش بۆ ئەوەی تابلۆیان بۆ بکێشنەوە. ناوبراو ئاماژەی بەوە کردوە کە دواتر تابلۆکان پێشکەش بە خاوەن تێکستەکان دەکرێو لاوانی عاشق سێوەکانیان پێشکەش بە شاعیرەکان دەکەن.

شایانی باسە سێوی مێخەکرێژ نەریتێکی کۆنی کوردەواریی ناوچەی موکریان بووەو ئەو کیژە ئەویندارانەی نەیانتوانیوە دڵدارەکەیان ببینن یان لە کاتی تۆرانو زویر بوون دا دروستیان کردوەو بۆ خۆشەویستەکەیان ناردوە.



## مرواریی دەریای وشە

نهێنیی سەرکەوتن لەوە دایە کە مرۆڤ هێندێك جار، زۆر ئازاد بێو هێندێك جاریش، زۆر خۆپارێز.
(ناپلیۆن بوناپارت)

گەورەترین ئامرازی رەواندنەوەی گومان ئەوەیە کە روونو راشکاوانە کێشەکان لەگەڵ کەسەکان بێننە بەر باس.
(فرانسیس بیکەن)

بۆ ئێمە ئازادیی بیرو قەڵەم، وەك نانو رووناکیو هەوای پاكو خاوێن، مەرجی سەرەکیی ژیانە.
(تۆماس جیفرسۆن)

بۆ مانەوەی ئاشتیی جیهانی دەبێ نەتەوەکان لێك نزیك ببنەوە نەك دەوڵەتان.
(ئایدین، وەزیری دەرەوەی ئینگلیستان)

بەر لەماڵاوایی

# دێموکراتیەتو دڵفرەوانیی کوردو، شوڤێنیزمو ئینکارییەتی دەسەڵاتدارانی تورك

قادر وریا

سەرماوەزی ئەمساڵ لە یازدەهەمین ساڵرۆژی کوچی دوایی یەکێك لە خۆشەویسترین سیماکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاك نەبی قادری دا، فیلمێك لەبارەی ژیانی ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرە لە کاناڵی ئاسمانیی kurd بڵاو بۆوە. سەرنجراکێشترین بەشی ئەو فیلمە لە روانگەی منەوە دیالۆگێك بوو لە نێوان رەحمەتی، کاك نەبی قادری و سەفیری تورکیە لە وڵاتی دانمارك دا. وا دیاربوو سەفیری تورکیە بۆ وڵام دانەوە بە پرسیارەکانی پارلمانتێران و میدیاکان و نوێنەرانی رێکخراوە سیاسیەکان بانگ کرا بووە پارڵمان. ئەوندەی لەو بەشەی فیلمەکە بۆ من دەرکەوت پرسیارو رەخنەی کاك نەبیی قادری و زۆر لە بەشداران. لەبارەی سیاسەتی دەوڵەتی توکیە بەرامبەر بە کورد لە وڵاتەکەی دا بوو. جەنابی سەفیر وا دیار بوو لە سەر هەمان سیاسەتی ناسراوی دەسەڵاتدارانی شوڤێنیستی وڵاتەکەی دەڕۆیشتو داکۆکیی لێ دەکردن بێ ئەوەی جارێك لە جاران ئامادە بێ ناوی کورد بێنێ. لێرەدا بوو کە کاك نەبیی قادری بە هێمنی بەڵام زۆر موستەدەلو قورسو قایم بە سەفیری تورکیەی گوت ئێوە وەك تورکیە ئەو هەمووە بوختانە ناڕەوایەی وەك تیروریستو هتد دەدەنە پاڵ کورد، بە هەموو هێزتانەوە کورد سەرکوت دەکەن، بەڵام تەنانەت سەفیری ئەو وڵاتە لێرە لە پارلمانی دانمارك ئامادە نیە ناوی کوردی بەزاری دا بێ، لە حاڵێك دا کوردان چەندین میلیون کەس لە هاونیشتمانانتان پێك دێنن ئەدی چلۆن دەتوانن کێشەی هەرەگرنگو سەرەکیی وڵاتی خۆتان چارەسەر بکەن؟ ئێوە براچووکەییش بە نەتەوەی دووهەمی وڵاتی خۆتان ڕوا نابینن‌و ئامادەنین لە گەڵیان بکەونە دیالۆگ و وتوویژ و تەنانەت نوێنەرانی هەڵبژێراوی ئەوان لە پارڵمانی وڵاتەکەتان دا بە تاوانی قسە کردن بە زمانی خۆیان رەوانەی زیندان دەکەن! باشە چۆن دەچنە نێو یەکیەتیی ئورووپا کە داننان بە مافی نەتەوەکانو تاکەکانو دابینکردنی ئەو مافانە لەمێژە بووە بە بەردی بناغەی دێموکراسییەکانیان؟

ئەم قسانەی کاك نەبیی قادری بە سەفیری تورکیەی گوتوون دەگەڕێنەوە بۆ بەر لە مردنی ئەو مرۆڤە خەباتگێڕە، واتە لانیکەم هی۱۲–۱۳ ساڵ لەمەو بەرن. منیش کە لێرە دا ئاماژەم پێ کردوون بەو جۆرەم هێناون کە لەبیرمن نەك دەقاودەق. بەڵام شتێکی زۆر سەیرو هەر لەو کاتەدا بە تەواوی جێی داخ ئەوەیە عەقڵیەتو تێگەیشتنی ئەمڕۆی دەسەڵاتبەدەستانی تورکیە هەمان عەقڵیەتی ئەو کاتە و نەگۆڕاوە. دەوڵەتی تورکیەو تەنانەت پارڵمانی ئەو وڵاتە هەروا بە عەقڵی نەفیو ئینکارو هەڕەشەو سەرکوت، لە گەڵ نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەو لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیەدا دەجووڵێتەوە. پارلمانی تورکیە هێرشی سوپای ئەو وڵاتە بۆ سەر باشووری کوردستان دەخاتە بەر دەنگدانو دەنگی پێ دەدا و، دەستی دەوڵەت و سوپای تورکیە بۆ هێرش کردنە سەر باشووری کوردستان ئاوەڵا دەکا! دەسەڵاتبەدەستانی تورك لە حکوومەتو بەڕێوەبەرانی ئەو شوێنەش کە هێرشی سوپایی دەکەنە سەر تووڕەن، چونکە گوایە هاوکاریی "تیروریستان" دەکەنو داڵدەیان دەدەن! بەڵام ئامادە نین دان بەو دەسەڵاتە شەرعیە قانوونییە دا بنێن کە لەو هەرێمە هەیە. واتە حکوومەتێكو سەرۆکێك کە پارلمانی کوردستان هەڵی بژاردوون و دەنگی پێ داون هەر وەها پارلمانێك کە خەڵکی باشووری کوردستان بە نەتەوەو ئایینی جۆراوجۆرەوە هەڵیان بژاردوە، بەرەسمی ناناسن بەڵام داوایان لێ دەکەن ببنە ژاندارمی تورکیە و خەباتگێڕانی کوردی باکوور کە پەڕیوەی سنوورەکانی ئەم هەرێمە بوون قۆڵبەست بکەن و تەحویلیان بدەنەوە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە تورکیە بۆخۆی بە ناوی هاونەتەوەیی و دڵسۆزی بۆ تورکمانەکانی کوردستان، زۆر پیلان لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان دەگێڕێو بەئاشکرا خۆشحاڵیی خۆی لە جێبەجێ نەبوونی مادەی۱٤۰ رادەگەیەنێ. بێئەوەی ئەم راستیە لە بەرچاو گرێ کە ئەو رێزەی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستانوسەرۆکی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستانو یاساکانی پارلمانی کوردستان لە تورکمەنەکانی دەگرنو، ئەو مافانەی بۆ ئەوانو کەمینە نەتەوەییو ئایینییەکانی دیکە بەرەسمییان ناسیون، دەکرێ ببن بە سەرمەشقێك بۆ وڵاتانی ناوچە تا بناغەی یەکیەتیو پێکەوەژیانی نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەکانیان لە سەربنیات بنرێ. بەراوردێك لە نێوان مافو ئازادییە بەرەسمی ناسراو و بەکردەوە بە دیهاتووەکانی کەمینە نەتەوەییو ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو بارودۆخە پڕ لە سەرکوتو بێبەشییە کە چەندین میلیون کورد لە تورکیە تێی دایە، دەری دەخا کە کام عەقلیەت لە گەڵ ئەم سەردەمەدا بیگانەو نەگونجاوەو شایانی ئەوەیە بە زبڵدانی مێژوو بسپێردرێ: دێموکراتیەتو دڵفرەاوانیی کورد یا شوڤێنیزمو ئینکارییەتی دەسەڵاتدارانی تورك؟!

جێگای داخە دەوڵەتانێك کە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری پەرەپێدانی دێموکراسیو جێگرکردنی سیستمە دێموکراتیکەکانو پێکەوەژیانی بەئاشتیی نەتەوەکانو وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە ناچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا دەناسێنن لە جیاتی دژایەتی لە گەڵ لەشکرکێشیی تورکیە بۆ سەر کوردستانو داکۆکی لە نەتەوەیەك کە دەیەوێ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە براو خاوەن بەش بێ نەك کۆیلەو ژێردەست، پاساو بۆ دەستدرێژیو تاوانەکانی دەوڵەتو سوپای تورکیە دێننەوە ئەوەش هیچ مانایەکی نیە بێجگە لە قوربانیکردنی دێموکراتیەتو دڵفرەوانیو هەقخوازی لە بەرپێی شوڤێنیزمو زۆرداریو بەرچاوتەنگی دا کە بێگومان ئەم سیاسەتە نە خزمەتی ئامانجی گەڕانەوەی ئاشتیو هێمنیو سەقامگرتووی بۆ ئەم ناوچەیە دەکا، نە جێگیربوونی دێموکراسیو پێکەوەژیانی بەئاشتیی لێ دەکەوێتەوە.